کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٦١ -گوڵانی ١٤٠٤-مەی ٢٠٢٥


## به یادی پازدەیەمین ساڵی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوبەندەکانی

له ٢




## ئامانجـە سیاسی و ئابوورییەکانی دۆناڵد ترامپ و شـاندی هاوڕێـی لـە عەرەبسـتانی سـعوودی

له ٣



## یەکی ئایار ڕۆژی ناڕەزایی لە دژی سیستەمی کۆیلایەتی کرێکاری و دڕندەیی سەرمایەداری

له ٩



## ناردنی کورتەنامە بەمەستی ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ژینا، نیشانەی ئەوپەڕی داماویی ڕژێمە

له ١٠

## ئەمنییەتی ژیانی خەڵک بەبێ ڕزگاربوون لە دەست کۆماری ئیسلامی دابین نابێت

له ١٢

## ئاشکرابوونی درۆ و دووڕوویی بێشەرمانەی خامنەیی

له ١٥

**ئەرغەوانی یاد** ن: عەلی محەممەد

بەرلە ماوەیەک سەرجەمی شیعرەکانی هاوڕێی شاعیر ( سـەعید ئەمانی ) ، لەگەڵ وەرگێڕانی چەنـد شیعرێکی شاعیرانی جیهانی کەوتـە بـەر دیدەی خوێنـەران...

له ٨

## سەروتار

### نان، کار، مەسکەن و ئازادی لە بارمتەی کۆماری ئیسلامیدا

ڕزگار بوون لە کرێنشینی ئاواتی بە ملیۆن بنەماڵەی ئێرانییە. بە شێوەی مامناوەند نیوەی سەرجەم داهاتی بنەماڵە کرێکارییەکان و چینی مامناوەندی خوارەوە لە ئێران سەرفی کرێ ماڵ دەبێت. هەبوونی سەرپەنا و ڕزگاربوون لە کرێنشینی یەکێکە لە ئاواتەکانی هەموو بنەماڵەیەکی کرێکاری و دەست کورت لەم کۆمەڵگایەدا. بۆ ماوەیەک بەشێک لە کرێکاران و خەڵکی کەم داهات دڵیان بەوە خۆش بوو کە بە پێکهێنانی شیرکەتی تەعاونی مەسکەن و پرۆژەی هاوبەش دەتوانن هێوادار بن کە دوای چەند ساڵ لە کرێنشینی ڕزگاریان دەبێت. ئەم شیرکەتانە نەک هەر ئەندامانی شیرکەتەکانی نەکرد بە خاوەنی ماڵ، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت سەرمایە سەرەتاییەکەی خۆشیان دەست نەکەوتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم پرۆژەیە بە کردەوە زۆربەی هەرە زۆری هەژاران و بێخانە و لانەکانی ئەو وڵاتەی نەگرتەوە. بنەماڵەیەک یان ئاوارەیەک و کارتون خەوێک کە پوڵی سەرەتایی بۆ دەست پێکردنی ئەم پرۆژەیەی نەبێت و یان شیرکەت تەعاونی گەلێك کە زۆربەیان تەنیا لەسەر کاغەز بوونیان هەیە، نەتوانن ڕێگایەک بۆ دابینکردنی ئەم پارەیە بنێنە بەردەم خوازیارانی مەسکەن، بە کردەوە هیوایان بە دابین بوونی مەسکەن لە چوارچێوەی هەر ئەم پرۆژە شکستخواردۆەشدا نابێت. گەلێک لە خەڵکی کەم داهات بۆ دابینکردنی پارەی سەرەتایی تەنانەت دەستیان داوەتە فرۆشتنی کەلوپەلی ماڵەکانیان لەمڕۆدا بەشی زۆری داهاتی کرێکاران و خەڵکی هەژار بۆ کرێ ماڵ خەرج دەکرێت و کرێماڵیش لە چەند ساڵی ڕابردودا لە سەروی پێداویستییە گرانبووەکانی خەڵکدا بووە. گەورەترین دڵەڕاوکێی ئەم بەشە لە خەڵک کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێران پێکدێنن، هەبوونی سەرپانەیەکی تەنانەت چکۆلە و سەرەتاییە کە بتوانن تێیدا بژین کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە و لەژێر کاریگەری فەزای شۆڕشگێڕانەی

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژەی سەروتار

کۆمەڵگادا لە خاڵی ٣١ی قانونە ئەساسیەکەیدا، مافی هەبوونی مەسکەنی بۆ هاووڵاتیانی ئێران بە ڕەسمییەت ناسی. دیارە ئەم خاڵە لە لایەن ڕژیمی دیکتاتۆر و گەندەڵی حاکم بەسەر ئێراندا، وەک باقی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵک بەتوندی پێشێل کرا زۆربەی خەڵکی هەژار یان بێ ماڵ و مەسکەنن و یان لەو ماڵانەدا دەژین کە پێکهاتەیەکی کۆنیان هەیە و تەنیا بۆ ڕوخاندن ئەبن. هەموو ئەو ماڵانە لە پاڵ ماڵە تازەکاندا کە یاساوڕیسای ئیمەنییان لە وڵاتێکی هەڵکەوتوو لەسەر هێڵی بومەلەرزەی وەک ئێرانی تێدارەچاو نەکراوە، بە نائەمن بە ئەژمار دێن و لەبەرانبەر هەموو بەڵایەکی سروشتیدا لە مەترسیدان. لە ئێرانی سەر هێڵی بومەلەرزەدا سەرەکی ترین مەرجی ماڵێکی گونجاو، بریتییە لە دڵنیابون لە ئەمنیەتی. ڕژیم لە هەموو دەورەیەکدا بە شێوەیەک خەڵکی بە هیواداربوون بە بوونە خاوەن مەسکەنێکی گونجاو سەرگەرم کردوە. تەرحی مەسکەنی مێهر یەکەم پرۆژەی ڕژیم نەبووە بۆ لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتنی خەڵک و لەئەگەری مانەوەی حکوومەتی ئیسلامیشدا دوایین پرۆژەی شکست خواردویان نابێت لە سیستەمی سەرمایەداری دا مەسکەن و زەوی کالایەکن و سەرمایەگوزاری لەم بوارەشدا پەیڕوی لە قانوونی بەرهەمهێنانی قازانج دەکات. هیچ سەرمایەدارێك بەپێی ناوەرۆکێك کە هەیەتی، ماڵ لەبەر وڵامدانەوە بە نیازی کۆمەڵگا و پێویستی بێ ماڵ و مەسکەنەکان بەرهەم ناهێنێت. کۆماری ئیسلامیش ڕژیمێکی سەرکوتگەر و خزمەتگوزاری سەرمایەدارییە. ئەم حکوومەتە لە ڕێگای دەوڵەت و ئورگانە سە ر کو تگە ر ە کا نییە و ە تەواوی سەرچاوەی سەروەت و سامانی کۆمەڵگای بە بارمتە گرتوە. وەها حکومەتێك، بەو گەندەڵییە ماڵییە جێکەوتووە لە ڕەگ و ڕیشەیدا کە هەرڕۆژە و گۆشەیەکی ئاشکرا دەبیت، گومانی تێدانییە کە ناتوانێت گرفتی بێ مەسکەنی چارەسەر بکات لە ڕاستیدا تا کاتێکی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەرکارە و نان، کار، مەسکەن و ئازادی خەڵکی بە بارمتە گرتووە. هیچ گەلاڵەیەک لە بواری خزمەتگوزاری گشتیدا چارەنووسێکی باشتری لەچارەنووسی شیرکەتە تەعاونییە پوچوڵ بێناوەرۆکەکان نابێت. دەزگایەکی ئیداری گەندەڵ کە ئەم ڕژیمە لە داوێنی خۆیدا پەروەردەی کردووە، ناتوانێ پرۆژە ئابوورییەکانی جێی سەرنجی خودی ڕژیمیش بە ئەنجام بگەیەنێ چ بگات بە بەڕێوەبردنی پرۆژەی پێوەندیدار بە خزمەتگوزاری گشتی و پێوەندیدار بە کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکان. بۆ ئەم ڕژیمە ئەولەویەت، هەمیشە بریتی بووە لە سەرکوتی خەباتی ڕەوا و ئازادیخوازانەی خەڵک و زیندانیکردنی نەیارانی. ئەم ڕژیمە هیچ داواکارییەک، بەبێ ئەوەی کە لە لایەن خەڵکەوە بخرێتە ژێر گوشارەوە و هەست بە مەترسی بکات، دابین ناکات. خەڵکی بێ مەسکەن و کرێنشین بۆ سەپاندنی داواکارییەکانیان بەسەر ئەم ڕژیمەدا ڕێگایەکیان بێجگە لە خستنە ژێر گوشاری لە ڕێگای حوزوری ملیۆنی خۆیان لە مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتیدا نییە

بێ گومان لە وڵاتێکدا کە لەڕووی سەرچاوەی سروشتی و ژێر زەوییەوە لە زومرەی دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانە، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بکەوێتە دەست خاوەنانی بەرحەق و بەتوانا، واتە کرێکاران و شوڕاکانی پێکهاتوو بە ئیرادەی ئازادی جەماوەر، لە ئاوا وڵاتێکدا بەم هەموو سەروەتەوە و

بە بوونی هێزێکی داهێنەرانەی لەبن نەهاتوو کە لە ناخیداهەیە، گرفتی مەسکەن و گشت ئەو کێشە و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە ژیانی ئەمڕۆی زۆربەی خەڵکیان تووشی فەلاکەت کردووە، چارەسەر دەبن

****

## به یادی پازده‌یه‌مین ساڵی ئێعدامی فه‌رزادی که‌مانگه‌ر و هاوبه‌نده‌کانی



ڕۆژی هەینی ١٩ی مانگی گوڵان، هاوکاتە لەگەڵ پازدەهەمین ساڵیادی ئێعدامی جەنایەتکارانەی "فەرزاد کەمانگەر" و هاوبەندیەکانی: " شیرین عەلەمهولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان." ڕۆژی ٢٣ ی مانگی گوڵانیش ساڵیادی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستانە لە وڵامدانەوە بەم جەنایەتە. ئێعدامی دژی ئینسانی ٥ لاوی تێکۆشەر کە تا ئاخرین ساتەکانی ژیانیان لە سەنگەری تێکۆشان دژبە ڕژیمی ئیسلامی خۆڕاگرییان کرد، بەدوای ئەو کردەوەیە بە ملیۆنان کەس لە سەرتاسەری کوردستان مانگرتنێکی گشتییان بەڕێوە برد

ئێعدامی ئەم خەباتکارانە لە بارووددۆخێکدا بەڕێوەچوو کە شەپۆلێك لە نارەزایەتی لە ئاستی ئێران وجیهان دژبە دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکەیان بەڕێ کەوتبووە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەو نارەزایەتیانەی نەدایەوە، بەڵام هەر لە ڕۆژی ئێعدامی ئەوانەوە، هەستی بە تووڕەیی خەڵکی کوردستان دەکرد و لەکاردانەوەی خەڵك ترسابوو. هەربۆیە تەرمی گیا نبە ختکر د و وا نی هەرگیزنەدایەوە بە بنەماڵەکانیان. چوارڕۆژ پاش ئەم ئێعدامانە بوو کە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی بەم جەنایەتەدا شکڵی گرت. ڕژیم بە خەیاڵی خاوی خۆی لای وابوو کە بە ئێعدامی ٥ خەباتکاری سیاسی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن زیاتر پەرە پێدەدات و خەڵکی کوردستان ترساو و بێدەنگ دەبن. بەڵام مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٣ی گوڵان وڵام یخەڵکی کوردستان بەو خەیاڵە خاوەی سەرانی ڕژیم بوو. بانگەوازی کۆمەڵە بۆمانگرتنی گشتی لەم ڕۆژەدا، لەگەڵ پشتیوانیی و هاوڕێیەتی یحیزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان و لەگەڵ پێشوازیی بەرینی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێران بەرەوروو بوو. لەم ڕۆژەدا کوردستان، یەکپارچە تەعتیل کرا. کرێکارانی کارگەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری مانیان گرت، کاسبکار و بازاڕیەکان دووکانەکانیان داخست، کارمەندانی ئیدارە دەوڵەتی و خسووسیەکان نەچوونەوە سەر کارەکانیان، خوێندکاران، موعەلیمان و مامۆستایانی زانکۆ، کلاسەکانی دەرسیان تەعتیل کرد. بەم جۆرە هاوپشتیەکی گشتی لە نارەزایەتی بە کوشتنی بەندکراوانی سیاسی شکڵی گرت. ئەم حەرەکەتە گشتییە نیشانیدا کە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی، نە تەنیا خەڵکی کوردستانی چاوترسێن نەکردووە بەڵکوو ئیرادەی گشتیی ئەوانی بۆ خەبات لە دژی ئەم ڕژیمە و خۆڕاگری بەرامبەر بە سیاسەتی سە ر کو تگە ر ا نە ی ، پتەوترکردووە

مانگرتنی سیاسیی گشتیی ٢٣ی گوڵان، هەموو لێکدانەوەکانی ڕژیمی شێواند. کوشتنی ٥ لاوی بەندکراوی سیاسی نە تەنیا نەیتوانی خەڵکی کوردستان بترسێنێ، بەڵکوو ئاگری تووڕەیی ئەوانی زیاتر گەشاندەوە. خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە ئەگەر ڕێگایەك بۆ ڕزگارکردنی گیانی باقیی ئازیزانی بەندکراویان هەبێت، لەم مەسیرەوە تێپەڕدەبێت. ئەم مانگرتنە وڵامێکی ددان شکێن بوو کە خەڵکی کوردستان بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان داوە. ئەم حەرەکەتە بەرین و لێبڕاوانە و بەجێیە، بە ڕژیمی نیشاندا کە ئەگەرکاردانەوەی خەڵك بەکەم دانێ، تووشی چ هەڵەیەکی گەورە دەبێت لە لێکدانەوەکانیدا

ئەم ئەزموونە بۆ جارێکی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

درێژە ی لاپەڕەی٢

دیکە دەریخست کە مانگرتنی سیاسیی گشتی شێوازێکە لە نارەزایەتی دەربڕین کە تیایدا درووشم و سیاسەتەکان لە ڕێگەی جەماوەرەوە، دەبنە هێزێکی مادی، ڕێگایەکە بۆ ئەوەی کە ڕژیم لە نەبەردێکی درێژماوە دا ماندوو بکات و هێزی سەرکوتگەری لە کار بخات و جەماوەردەرفەتی ئەوەی هەبێ خۆی بۆ هەنگاوەکانی دواتر ئامادە بکات. خەڵکی کوردستان بە بەکارهێنانی تاکتیکی مانگرتنی گشتی، ئیمکانی جم و جۆڵیان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی دوژمن زەوت کرد و ڕێگای پووچەڵکردنەوە و ناکارامە کردنی سەرکوتگەریی ئەم هێزانەیان، بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانیش نیشاندا

خەڵکی کوردستان لە گەلێك قوناغدا، توانا و هێزی یەکگرتووی خۆیان دژ بەم ڕژیمە نیشان داوە. لە وتنی "نا"یەکی بە هێز بە ڕێفراندۆمی پێکهێنانی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٣٥٨ تا کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و ڕێپێوانی خەڵکی باقی شارەکان بۆ پشتیوانی لەوان و مانگرتنە شکۆدارە سیاسیە گشتیەکان هەر لەم ساڵەدا، لە زومرەی ئەو دژەکردەوە و پۆتانسیێلانە بوون کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر زۆرەملی و ملهۆڕیی ڕژیمدا لە خۆیان نیشانیان داوە

چەخماخەی شۆڕشی ژینا بە خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی شاری سەقز لە جەریانی ناشتنی تەرمی ژینا ئەمینی کە ناوی بوو بە ڕەمزی شۆڕش و بەدوایدا بە مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستان لە نارەزایەتی بەم جەنایەتە لێ درا. شۆڕشێک کە ئاگری قین و تورەیی خەڵکی لە سەرتاسەری ئێرانی بڵێسەدارتر کرد و چەند مانگرتنی یەکپارچەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا

ئەم مانگرتنانە نیشانیاندا کە پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پشت سنوورەکان بە مانای کۆتایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان نییە. نیشانیاندا سەرەڕای ئەم پاشەکشەیە، ڕیشەی ئەم بزووتنەوەیە لە قووڵایی کۆمەڵگادا بەهێزتر بووە. نیشانی دا ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی هێز و وشیاری و ڕێکخراو و ڕێبەریی خۆیەتی. نیشانیدا کە جەماوەری خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان سەرەڕای هەژاری و برسییەتی و دەستکورتی، ئامادەن بە دڵئاواڵەییەوە لە پێناو سەرکەوتن بە سەرکۆماری ئیسلامیدا، لە بژێو و ژیانی خۆیان هەزینە بکەن. نیشانیدا کە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی سیاسییە و توانایی بە حیزبی بوونی لەسەرەوەیە. نیشانیدا کە مانگرتنی سەرتاسەریی جەماوەریی، دەکرێ وەك ئەزموونێکی خەباتکارانەی سەرکەوتوو، لە سەرتاسەری ئێرانیش بەکار بێت کە تیای دا هێزە سەرکوتگەرەکان یرژیم لە بەرامبەر ئیرادەی گشتیی جەماوەری خەڵکدا، داماو و بێ توانا دەبن و کارێکیان بۆ ناکرێ

بەڵام ئەگەرئەم ئەزموونانە ڕێنوێنی خەڵکی کوردستان دەبن لە ڕووداو و گۆڕانکاریەکانی داهاتوودا، بۆ کۆمەڵەش مەیدانی ئەزموون و تاقیکردنەوەن، تا خاڵە بەهێزەکانی خۆی وەك ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست کە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتییە، بناسێت و کەم و کوڕییەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی لەم بوارەدا بڕەوێنێ و بەردەوام لە دڵی ڕووداوەکاندا بێت و ئاراستەی گونجاویان پێ بدات. بێ گومان ڕۆژان و ڕووداوگەلێکی گرینگمان لەبەرە و کۆمەڵە بەرپرسیاریەتی خۆی لە پێناو تێپەڕاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە خاڵەوەرچەخانە مێژووییەکان، بەرەو ئاسۆی ڕوونی ئازادی، دەناسێت و بە پشتبەستن هەربەم پێگەیە، ئەرکەکانی خۆی بەجێ دێنێت. سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە وەها تاقیکردنەوەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دایە کە هەڵدەسەنگێندرێ

لە پازدەیەمین ساڵڕۆژی شکۆدار و مێژوویی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی گوڵاندا، ڕێزدەگرین لە یادی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی کە بوێرانە لە بەرامبەر دوژمندا خۆڕاگرییان کرد و گیانی خۆیان لەسەر ئەم پایەدارییە دانا و هەروەها سڵاو و درووديش دەنێرین بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان کە وەها شکۆدار، ڕێزیان لە یادی ئازیزانی گیانبەختکردوویان گرت

****

# ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی دۆناڵد ترامپ و شاندی هاوڕێی لە عەرەبستانی سعوودی

دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ کۆمەڵێک لە گەورە سەرمایەدارەکان بەیانی سێشەممە ١٣ی ئایاری بەرامبەر بە ٢٣ی گوڵانی ١٤٠٤، گەیشتنە عەرەبستانی سعوودی. ئەم سەردانە کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆری هەیە. دەسەڵاتی ئەمریکا دەیەوێت پاراستنی ئەمنییەتی عەرەبستانی سعوودی هاوشێوەی دەیەی حەفتاکان، بە تەواوی بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵ و دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی عەرەبستان و خاوەن سەرمایە ئەفسانەییەکان لە چین دوور بخاتەوە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە دەیەی حەفتاکان بە سێ مەرج پاراستنی ئەمنییەتی عەرەبستانی سعوودی لە ئەستۆ گرت: یەکەم ئەوەی کە عەرەبستان، بەرهەمهێنان و فرۆشتی نەوت بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ڕێکبخات. دووەم، هەموو مامەڵە نەوتییەکان بە دۆلاری ئەمریکا بکرێت. ئەمە ئەوەیە کە لە جیهاندا بە پێترۆدۆلار ناسراوە. سێیەم، بەشێکی گەورەی داهاتی نەوت لە ڕێگەی کڕینی چەک و کاڵاکانی ترەوە بگەڕێنێتەوە بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا
لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە هێزی سیاسی، ئابووری و سەربازی ئەمریکا، ڕوو لە کزییە و دەوڵەتی عەرەبستان کەمێک بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی ناوە، گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی پەیمانە پێشووەکانی نێوان دوو وڵات، بۆ دەسەڵاتی ئەمریکا زۆر گرنگە. ئەم سەفەرە پەیامێکی سیاسی گرنگی هەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرامبەر دانپێدانانی ڕژیم بە داواکارییەکانیدا، گەڵای زەیتون (ئاشتی و دۆستایەتی) پێشکەش بە بەرپرسانی دەکات. زۆربەی ڕۆژنامەکانی ژێر تیغی سانسۆر، بە گەشبینییەوە باسیان لە سەردانەکەی ترامپ بۆ ناوچەکە و بەڵێنەکانی ناوبراو کردووە. سەرۆکی ئەمریکا بە باسنەکردن لە پێویستی چۆڵکردنی غەززە لە فەلەستینییەکان، بەشێوەیەکی مانادار خۆی لە تاوانبارە ڕاستڕەوەکانی دەسەڵاتی ئیسرائیل، دوور خستەوە. بەڵام وادیارە بەڵێنی لە ئەحمەد شەرع (تیرۆریستی ئیسلامیی دوێنێ و دەسەڵاتداری کاتی سورییەی ئێستا) وەرگرتووە کە ئیسرائیل بە فەرمی بناسێت
بەڵام لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، کە زیاتر باسی لێکراوە، ئۆلیگارشی دارایی ئەمریکا وەک پێشوو چاوی بڕیوەتە سامانی ئەفسانەیی بنەماڵەی پادشا و شێخە دەوڵەمەندەکان و دەوڵەتی عەرەبستان. ترامپ و میلیاردێرە هاوپەیمانەکانی وەک ئیلان ماسک (دەوڵەمەندترین کەسی جیهان)، سام ئاڵتمەن (بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای زیرەکی دەستکرد) و جانسۆن هوانگ (بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای پێشکەوتووی ئەنویدیا)، لەم سەفەرەدا زیاتر بەدوای سوودە دارایی و بازرگانییەکانی خۆیانەوە بوون و هەن. ئەوان لە هەمان کاتدا، پۆششێکن بۆ سوودە سیاسییە گرنگەکانی ئەم سەردانەش. دەوڵەت و گەورە سەرمایەدارەکانی عەرەبستان ئەوانیان نائومێد نەکردووە. ترامپ باسی لەوە کرد کە عەرەبستان بەڵێنی داوە لە ماوەی چوارساڵی داهاتوودا بڕی ٦٠٠ میلیارد دۆلار وەبەرهێنان بکات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمریکاش بە بڕی ١٤٢ میلیارد دۆلار چەک و چۆڵ و کەرەستەی سەربازی بە عەرەبستان بفرۆشێت
محەممەد بن سەلمان و دەست و پێوەندەکانی بێگومان چەکی سووک و کەرەستەکانی ئەشکەنجە، فڕۆکەی شەڕکەر، مووشەک و سەرجەم ئەو چەک و چۆڵانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە دابینکراون، بۆ سەرکوتی دژبەرانی دەسەڵاتە سەرەڕۆکەیان و شەڕ لەگەڵ ڕکابەرە ناوچەییەکانیان بەکاردهێنن. بەڵام بەو حاڵەشەوە پێناچێت ئەو سەردانە توانیبێتی چاوی تەماع و خۆپەرستی، درۆ و فریوکاری، گرنگی نەدان بە سەرجەم سنووردارییە یاسایی و گەندڵی کەسیی لەرادەبەدەری خاوەن سەرمایە سەرەکییەکانی ئەمریکای تێر کردبێت، چونکە هەنگاونان بەرەو جۆرێک لە سەربەخۆیی لە ناو دەوڵەت و

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژە ی لاپەڕەی ٣

سەرمایەدارانی عەرەبستان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە، ئەوان هێشتاش پرسی دانپێدانانی ئیسرائیل دەبەستنەوە بە مەرجی دانپێدانانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین. بەهەرحاڵ، بۆ کرێکاران گرنگە لەوە تێبگەن کە ئەم سەروەت و سامانە ئەفسانەییە سەدان ملیارد دۆلارییەی دەوڵەتی عەرەبستان و ١٥ هەزار ئەندامی بنەماڵەی پادشا و شێخە دەوڵەمەندەکان لە کوێوە هاتووە؟ کارناسان بەشێوەیەکی گشتی داهاتی نەوت و گاز، باج، حەج و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵاتیان، وەک سەرچاوەی سەرەکی ئەم سامانە زۆر و زەوەندە ناساندووە. هیچ کارناسێکی بەناو خاوەن ویژدان باس لە داهاتی سەرچاوەگرتوو لە هێزی کاری هەرزانی ژنان و پیاوانی کرێکار بۆ خاوەن سەرمایەکان ناکات.

بەپێی سەرژمێری ناوەندی ئاماری عەرەبستانی سعوودی، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤، ژمارەی هێزی کاری (١٥ ساڵ بۆ سەرووتر) نزیکەی ٢٤ ملیۆن کەس بووە، کە ٥٩٪ لە هێزی کاری پیاوان و ٤١٪ لە هێزی کاری ژنان پێکدێت. لەم ژمارەیە، نزیکەی ١٦ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس (نزیکەی ٦٠٪ کرێکاری کۆچبەر و ٤٠٪ کرێکاری خەڵکی سعوودی) بوون، کاریان کردووە. ٨٠٪ کرێکارە کۆچبەرەکان لە کۆمپانیا تایبەتەکان کاریان کردووە. جیاوازی زۆر لە نێوان حەقدەستی کرێکارە بیانییەکان و خەڵکی عەرەبستان بوونی هەیە. کرێکارە کۆچبەرەکان مانگانە نزیکەی ٦٦٠ دۆلار حەقدەست وەردەگرن، لەکاتێکدا خەڵکی عەرەبستان نزیکەی ٢٤٠٠ دۆلار داهاتیان هەیە. زۆربەی کرێکارەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و ئەندازیاری نەوت و گاز، یان لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار کاردەکەن ئاستی بێ مافیی کاری و بژێوی و کۆمەڵایەتی کرێکارە کۆچبەرەکان زۆر هەژێنەرە و کاتێک دەگاتە یەک ملیۆن کرێکار کە (زۆربەیان ژنن)، گەلێک ناخ هەژێنتر دەبێت. دەوڵەتی ئەمریکا کە بەرەو دوورکەوتنەوە لە لیبراڵیزم و نزیکبوونەوە لە هەژموونخوازی هەنگاو دەنێت، لە دیکتاتۆری بنەماڵەی سعوودیە، گەلێک وانە وەردەگرێت. بەڵام سوپەر ملیاردێرەکانیش لە بابەت تەکنیکی کەسابەت و بەتایبەتی وەبەرهێنانەوە، سوپەر ملیاردێرەکانی سعوودیە ڕادەهێنن. بەڵام زەمینەی ماددی ئەوەش هەیە کە کرێکاران بەتایبەتی کۆچبەران لە عەرەبستان و باقی میرنشینەکانی کەنداوی فارس، بۆ ڕزگاربوون لە دەست کاری کۆیلەئاسا، لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای جیهان و کرێکارانی ئێران ئەزموون وەربگرن

****

# وتارێک بە بۆنەی ڕۆژی مامۆستا لە ئێران

١٢ی گوڵان لە ئێران ڕۆژی مامۆستایە. لە ڕوانگەی مامۆستایانی خەباتکارەوە، بۆنەی ڕۆژی مامۆستا، ڕۆژی گیان لەدەستدانی ئەبولحەسەن خانعەلی، مامۆستای ٢٩ ساڵەی وانەکانی فەلسەفە و زمانی عەرەبییە. ئەم مامۆستا خەباتکارە ڕۆژی ١٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠ بە گوللەی چەکی بەرپرسی کەلانتەری بەهارستان گیانی لەدەستدا. لەو ڕۆژەدا هەزاران مامۆستا لە نارەزایەتی دژ بە لەخوارەوەبوونی ئاستی حەقدەستەکانیان، لە بەردەم مەجلیسی شۆرای میللی کۆببوونەوە. دوابەدوای ئەم ڕووداوە و بەردەوامی خۆپیشاندان و مانگرتنی مامۆستایان لە ڕۆژەکانی دواتردا، هەندێک گۆڕانکاری لە بواری حەقدەستی مامۆستایان بەسەر ڕژێمی شادا سەپێنرا و ڕۆژی ١٢ی گوڵان، واتە ڕۆژی کوژرانی "خانعەلی" وەک ڕۆژی مامۆستا ڕاگەیەنرا. لەو کاتەوە تا ئێستا لایەنگرانی ڕاستەقینەی ئازادی و توێژی مامۆستایانی خەباتکار، ئەم ڕۆژە بەم بۆنەیەوە وەک ڕۆژی مامۆستا دەناسن. بەڵام لە ڕوانگەی ڕژێمەوە، بۆنەی ئێرانی ڕۆژی مامۆستا، پەیوەندی هەیە بە ڕۆژی تیرۆری مورتەزا موتەهەری یەکێک لە ئاخوندە تیۆریسێنەکانی ڕژێمی ئیسلامییەوە کە ڕۆژی ١١ی گوڵانی ١٣٥٨ بە دەستی گرووپی فورقان لە تاران تیرۆر کرا و هەواڵەکەی دوای یەک ڕۆژ ڕاگەیەنرا

بەڵام لە ئاستی جیهانیدا ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر وەک ڕۆژی جیهانی مامۆستا ڕاگەیەنراوە. ئەم ڕۆژە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن ڕێکخراوی زانستی، کلتووری و پەروەردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) و ڕێکخراوی جیهانی کار (ئای ئێل ئۆ) وەک ڕۆژی جیهانی مامۆستا ناوزەد کرا. ئامانج لە ڕاگەیاندنی ڕۆژێکی لەوشێوەیە "بایەخدان بە مامۆستایان، سپاس و پێزانین لێیان و هەروەها لێکۆڵینەوە لە کێشەکانیان لە سەرانسەری جیهان" ڕاگەیەنراوە

بەپێی ئامارەکانی "یونسکۆ" یەک لەسەر سێی مامۆستایانی جیهان، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرمایەداران، زانست وەک کاڵا دەفرۆشن و لە ئەنجامی ئەرک و زەحمەتەکانی مامۆستایاندا قازانجێکی زۆر و زەوەند دەخەنە گیرفانیانەوە. ڕۆژی جیهانی مامۆستا، بۆ کرێکارانی وشیاریش وەبیرهێنەرەوەی بێ مافییە سەپێنراوەکان بەسەر سەرجەم زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا، ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانیان دژ بەم بێ مافییانە، چا و خشا ند نه و ه یه ک بە دەستکەوتەکانیاندا و پێویستی بەرگری لە داواکارییەکانیانە. لەو ڕووەوە کە یەکەم چەخماخەی هزر و بیرکردنەوە، لە قوتابخانەکانەوە لێدەدرێت و دەپشکوێن، جیهانی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستی بە مامۆستایانی پسپۆڕ، ئاسوودە خەیاڵ، بێخەم و خاوەن هەستی بەرزی مرۆڤایەتی هەیە. بەڵام ئایا لە کۆمەڵگای ئێران، ڕێز و جێگە و پێگەی مامۆستا وەک ئەوەی کە شایستەیە، پارێزراو دەبێت؟ ئایا مامۆستایان کە لە زومرەی توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگان، گرنگییەکی ئەوتۆیان پێدەدرێت کە بەبێ ئەوەی بیر لە پێداویستییە ماددییەکانی ژیان بکەنەوە، بپەرژێنەسەر بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیارییەکانی خۆیان؟ ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مامۆستایان، نیشانگەری ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆریان زیاتر لەوەی کە دەبێ بیر لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و ئاگایی خۆیان بکەنەوە، بە ناچاری بەشوێن دۆزینەوەی کاری دووەم و سێیەمەوەن. زیاتر لە سێ لەسەر چواری مامۆستایانی ئێران، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و ئەوانی دیکەش بە هەبوونی پیشەی دووەم و سێیەم و کەڵک وەرگرتن لە داهاتی هاوسەری بنەماڵەکەیان، خۆیان لە ژێر هێڵی هەژاری دەرباز کردووە. لە پەنای ئەم بەشە لە مامۆستایانی زەحمەتکێش، کۆمەڵێک سیخوڕ و پەروەردەکراوی ڕانتخۆری حەوزە دژە زانستییەکان هەن کە بەرپرسی جێبەجێکردنی پلانە دژە فەرهەنگی و سووکایەتیئامێزەکانی ڕژێمن لە ناوەندە فێرکارییەکان. بارودۆخی گوزەرانی مامۆستایانی خانەنشین گەلێک لەوەش خراپترە، مامۆستایانی خانەنشین کە سەردەمی گەنجی و مامناوەندی و هەروەها وزە و تواناییەکانی خۆیان بەرامبەر بە حەقدەستێکی کەم و تەحەمولی سەرجەم ئەم سەختی و دژوارییانە، لە پێناو خزمەت بە بواری فێرکردن و پەروەردەی ئەم وڵاتە بەکارهێناوە، لە سەردەمی بەساڵداچووندا، لەبری بەهرەمەند بوون لە ئارامی و ئاسوودەیی، لەوپەڕی نەداریدا دەژین



بەڵام کێشەکانی ژیانی ئەم توێژە بێبەشەی کۆمەڵگا، تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە لە ژیانێکی شایستە بەهرەمەند نین، بەڵکوو ئەوەشیان بەسەردا دەسەپێنرێت کە پەرەپێدەری ئەو فێرکردن و پەروەردەیە بن کە بە تەواوی ئاوێتەیە لەگەڵ خورافات و کۆنەپەرستی. یەکێک لە ئازارە گەورەکانی مامۆستایانی شەریف و خەباتکار، بریتییە لە نفووز و کاریگەری ئایین لەسەر پرسی فێرکردن و پەروەردە. مامۆستایانی ئێران لەو ڕووەوە کە مەحکوومن بەوەی لە نزیکەوە شاهیدی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی۴

جێبەجێکردنی پلانە کۆنەپەرستانەکانی ڕژێم بن لە ناوەندە فێرکارییەکان لەوانە هەڵاواردنی ڕەگەزی، ناردنی قوتابیان بۆ بینینی بەرەکانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، لەژێر ناوی کاروانی ڕێبوارانی نوور و هتد، بەردەوام لەباری جەستەییەوە ماندوو و شکەتن و لەباری دەروونییەوە پەرێشانن و ئازار دەچێژن. مامۆستایانی ئێران خوازیاری زیادکردنی حەقدەستی بەرزتر لە هێڵی هەژاری، بەهرەمەند بوون لە بیمەی کارا، یەکسانکردنی مووچەی خانەنشینان و کارمەندان، دابینکردنی گوزەران و گرنگیدان بە پێگەی خانەنشینان بەشێوەیەک کە گونجاوبێت لەگەڵ کەرامەتی ئینسانییان، بەهرەمەند بوونی سەرجەم منداڵان لە خوێندن و پەروەردەی خاوەن کوالێتی و بێبەرامبەر بە تایبەت لە ناوچە بێبەشەکان، ستانداردکردن و دابینکردنی ئەمنییەتی قوتابخانەکان، بەهرەمەند بوونی خوێندکاران لە ئیمکاناتی فەرهەنگی و کاتبەسەربردن و هەروەها ڕاگرتنی سیاسەتی بە پارەکردنی خوێندن و کۆتایی هێنان بە پەروەندەسازی و ئەمنییەتیکردنی چالاکی مامۆستایانن. مامۆستایانی زەحمەتکێش و بێبەش لە ئێران، لە زومرەی ئەو مرۆڤە شەریفانەن کە خاوەن ویست و داواکاری دادپەروەرانەن و شایستەی بەرفراوانترین و شێلگیرانەترین پشتگیرین. کۆماری ئیسلامی لە جیاتی وەڵامدانەوە بە داواکارییە ڕەواکانیان، بە زیندانی کردن و دەرکردن، بەرەوڕوویان دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای گوشار و سەرکوتگەرییەکان، خەباتی مامۆستایان لەپێناو وەدیهێنانی داواکارییە ڕەوا و دادپەروەرانەکانیان و هەروەها ئازادی هاوکارەکانیان، بێ پسانەوە بەردەوامە. دەستبەسەرکردن، لەسەرکار دەرکردن، دروستکردنی بەربەستی پیشەیی و هتد، نەیتوانیوە مامۆستایان چاوترسێن بکات و هەروا مکووڕن لەسەر بەدواداچوونی داواکارییەکانیان

ڕۆژی مامۆستا بە هەموو مامۆستایانی خەباتکار، زەحمەتکێش و دڵسۆز پیرۆزبایی دەڵێین و دڵنیاین کە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی مامۆستایانی ئێران، لە یەک ڕیزی یەکگرتوودا، لەگەڵ سەرجەم زەحمەتکێشان و بێبەشان و چەوساوەکانی ئەم کۆمەڵگایە، سەرەنجام بارگەوبنەی ڕژێمی کۆنەپەرست و دژە خەڵکی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران کۆدەکەنەوە

****

# لادان و هەڵەکاری لاوان
## ئاکامی دەسەڵاتدارێتی دز و تاڵانچییان و گەندەڵ و کۆنەپەرەستانە

سەعید ڕاستی جێگری پۆلیسی زانیاری تاران، باسی دابەزینی تەمەنی ئەو کەسانەی کرد کە لە ئێران تووشی کردەی تاوانکاری دەبن. بە وتەی ناوبراو لاوان و هەرزەکاران زیاتر لە جاران پەنا دەبەنەبەر کردەوەی تاوانکارانەی وەک دزی چەکداری، ڕێگری و شەڕ و توندوتیژی. بە وتەی ئەو، گەنجان و تەنانەت هەرزەکارانیش زیاتر لە جاران پەنا دەبەنەبەر کردەی تاوانکاری، بابەتێک کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە بە یەکێک لە ئاڵنگارییە جددییەکانی کۆمەڵگای ئێران دەزانرێت

ئامارە نافەرمییەکان باس لە زیادبوونی سەد لە سەدی لادان و هەڵەکاری گەنجان لە ماوەی ساڵەکانی ١٤٠٢ و ١٤٠٣ دەکەن. ئەوەی کە لە ماوەی ساڵێکدا ئاماری قوربانیانی یەکێک لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوە خێرایە و بە ڕێژەی سەد لە سەد پەرە دەستێنێت، نیشانەی بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی کێشە کۆ مە ڵا یە تییە کا نی دیکەشە. زیادبوونی سەد لە سەدی ڕێژەی تاوانکاریی منداڵان لە پاڵ ئاماری منداڵانی سەر شەقام، کچانی هەڵاتوو لەماڵ، گیرۆدەبووان بە ماددەی هۆشبەر، درۆزەکەر و هتد، تەنها گۆشەیەک لە کارەساتی ژیان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا نیشان دەدات

ئەمانە هەر ئەو منداڵانەن کە لەگەڵ دایک و باوکی هەژاری خۆیاندا لە کەپرێکدا لە پەراوێزی شارەکان، بەناو ژیان بەسەر دەبەن. ئەمانە هەر ئەو منداڵانەن کە لەسەر سفرەی ماڵەکەیان شتێک بۆ خواردن شک نابەن و بۆ تێرکردنی خۆیان ڕوو دەکەنە سەر شەقامەکان و تووشی تاوانیش دەبن. ئەمانە هەمان منداڵانی ماندووی شەقام و کارن. ئەو منداڵانەن کە چیدی ناتوانن دایک و باوکی گیرۆدەبوویان بە ماددە هۆشبەرەکان تەحەمول بکەن. ئەمانە منداڵانی تەڵاقن، منداڵانی هەژاریین، ئەمانە قوربانیانی سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری و حکوومەتی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی ئایینین. بەڵام لەناو ئەم زیندانانە و یان ئەو بەناو ناوەندانەی «چاکسازی و پەروەردە»دا چی بەسەر ئەم منداڵانە دێنن؟ ئایا کەسایەتی زیانلێکەوتوو و شکۆی تێکشکاو و ڕێزی پێشێلکراویان بۆ دەگەڕێننەوە یان وەک تاوانبارێک سەیریان دەکرێت و دەبێ تاوانی سزاکەیان بە بێبەشی و دیلێتی بدەنەوە؟ هەندێک لەم منداڵە تاوانبارانە بەمەبەستی «سەرلەنوێ پەروەردە کردنەوە» لە «ناوەندەکانی بەناو چاکسازی و پەروەردە»دا زیندانی دەکەن و بە چاوی تاوانبارانێکی کەم تەمەن لێیان دەڕوانن کە دەبێت چاوەڕێ بکرێت تا بە قسەی خۆیان دەگەنە تەمەنی یاسایی و ئەوسا حیسابیان لەگەڵ دەکرێت و سزای خۆیان وەردەگرن؟ ئەسڵەن بۆچی ئەم بێچارانە لە زینداندا ڕادەگرن، بۆچی زیندانییان دەکەن، ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ چاکسازی ڕاستەقینە بوونی نییە، ئایا لە کۆمەڵگا پێشکە و تو و ە کا نیشد ا بەمجۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان دەکەن، ئایا ئەم ڕژێمە دوای ٤٦ ساڵ دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردنی دەیان ناوەندی لەمجۆرە، توانیویەتی تەنانەت یەک لە سەدیش لە ڕێژەی تاوانکاریی منداڵان کەم بکاتەوە، ئەگەر ئەمجۆرە ناوەندانە کاریگەر بوون، بۆچی لە ماوەی ساڵێکدا بە ڕێژەی سەد لە سەد ئاستی تاوانکاریی منداڵان زیادی کردووە؟

ئایا ئەو منداڵەی کە لەبەر برسییەتی ساڵێک لەوەپێش دەستی بردووە بۆ گیرفانی کەسێک یان جانتایەکی ڕفاندووە و ئێستا لە زینداندایە، دوای ئەوەی کە گەڕایەوە ناو کۆمەڵگا، ئیتر برسی نابێت؟ ئایا ئەو منداڵەی کە کەوتووەتە داوی مافیای ماددە هۆشبەرەکانەوە و ئێستا لە ناوەندەکانی بەناو چاکسازی و پەروەردەی ڕژێمدا دەستبەسەرە، کاتێک کە دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، چ گارانتییەک هەیە کە دووبارە ناکەوێتەوە داوی مافیای ماددە هۆشبەرەکان و گیرۆدە نابێتەوە؟ ئایا ئەو منداڵەی کە بەهۆی لێکترازانی شیرازەی ژیانی بنەماڵەکەی، سەرگەردان و دەربەدەر بووە و کارێکی

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشــــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

درێژە ی لاپەڕەی٤

خراپی ئەنجام داوە، دوای بەسەربردنی ماوەیەک لەم ناوەندانە و گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا، کێ یان چ ئۆرگانێک دەرگای لێ دەکاتەوە و دەیپارێزێت؟ ئایا ئەو کچە گەنجەی کە هەڵاتووە و بۆ زیندوومانەوەی، ناچاربووە لەشی خۆی بفرۆشێت، هەر چەندەش لە ناوەندەکانی بەناو چاکسازی و پەروەردە کاری لەسەر بکرێت، کۆمەڵگا قبوولی دەکاتەوە؟ کاری دەست دەکەوێت؟ ئایا بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەمڕۆ لەم ناوەندانەدان و نە بنەماڵە و نە سەرپەناییەک و نە پشت و پەنا و نە شوێنێکیان هەیە ژیانی تێدا بەسەر ببەن، هیچ ناوەندێکی تایبەت بۆ چاودێریی بوونی هەیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە منداڵێکی بێ سەرپەرشت کە فڕێ دراوەتە کەناری شەقام و هەر لەوێش شەو ڕۆژ دەکاتەوە و بۆ تێرکردنی سکی خۆی، پەنا دەباتەبەر تاوان، دوای ئازادبوون لە ناوەندی بەناو چاکسازی و پەروەردە، دووبارە بە هەمان ڕێگادا نەڕواتەوە کە پێشتر پێیدا ڕۆیشتووە؟ ئاخۆ دوای تەواوبوونی ماوەی سزاکەیان، چ داوێکی دیکە لەسەر ڕێگای ئەم بەناو «تۆمەتبارانە»، دادەنرێت؟ ئەم دۆخە هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟ ئایا ئەوەی کە زیادبوونی ئەمجۆرە زیانە کۆمەڵایەتییانە کە لە کۆمەڵگای بەڵاڵێدراوی ئێراندا هەروا بەردەوامە، دەرخەری ئەو ڕاستییە نییە کە ئەم ڕژێمە توانایی چارەسەرکردنی هیچکام لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نییە؟ ئایا هۆکاری بێتوانایی ڕژێم ئەوەیە کە ئیمکاناتی دارایی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەبەردەستدا نییە، یان ئەوەی کە نە ئیرادەیەک هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و نە هیچ هەوڵێک دەدرێت بۆ نەهێشتنیان؟ ئایا بێجگە لە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە و دامەزراندنی نیزامێکی نوێ بە ڕێبەرایەتی کرێکارانی وشیار کە تێیدا ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک بڕیاردەر بێت، دەکرێت هیچ هیوایەکمان بە باشتربوونی دۆخی منداڵەکانمان و مسۆگەرکردنی داهاتوویان هە بێت؟

****

# نیزامیکردنی پەروەردە و بارهێنان، پلانێکی پێشوەختە شکستخواردوو



فەرماندەی گشتی هێزی ئینتزامی و وەزیری پەروەردەی کۆماری ئیسلامی، ڕ ێککە و تنا مە یە کیا ن واژۆ کرد کە بەپێی ئەو، پۆلیس دەتوانێت بە فەرمی بچێتە ناو خوێندنگاکان. بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە، هێزە ئینتزامییەکان لە بواری پەروەردەدا کۆمەڵێک دەسەڵاتیان پێدراوە و دەتوانن بە زۆر حیجاب بەسەر خوێندکارانی خوێندنگاکاندا بسەپێنن. ڕاگەیاندنەکانی ئێران ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی خاکەلێوە ڕایانگەیاند کە بەپێی ڕێککەوتنامەیەکی هاوبەش کە لەنێوان ئەحمەدڕەزا ڕادان فەرماندەی گشتی هێزی ئینتزامی و عەلیڕەزا کازمی وەزیری پەروەردەی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان واژۆ کراوە، پۆلیس بە فەرمی ڕێگەی پێدراوە بچێتە ناو خوێندنگاکانی وڵات. عەلیڕەزا کازمی لە ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیەدا، "بە شانازییەوە" خۆی وەک سەربازی ئەحمەدڕەزا ڕادان ناساند و وتی: «بەم ڕێککەوتنامەیە لەگەڵ پۆلیس، دەتوانین زیاتر لە ڕابردوو کار لەسەر کولتووری خوێندنگاکان بکەین.» کازمی حیجاب و عیفافی وەک یەکێک لە زیانە کولتوورییەکانی ئەمڕۆی وڵات ناوبرد کە پێویستە کارێکی کولتووری هەمەلایەنە و ڕیشەیی بۆ بکرێت. کۆنترۆڵکردنی پەروەردە و خوێندن لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا یەکێک بووە لە ئامانجەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. بەرپرسانی ڕژیم بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بواری پەروەردە و ڕێگریکردن لە شکستی ئایین لە بەرامبەر زانستدا، خوێندنگاکانیان کردووە بە ناوەندی فێربوونی خوڕافات و درۆ و چەواشەکاری ئایینی. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دژایەتی خۆی لەگەڵ خوێندکاران، زانکۆ و زانست نیشاندا و "شۆڕشی" خوێناوی "کولتووری" ئیسلامیی، هاوکات لەگەڵ کوشتار، زیندانیکردن، ئەشکەنجە و دەرکردنی خوێندکارانی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە، بەڵام بەشداری خوێندکارانی چالاک و قوتابیانی خەباتکار لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژینا" لە ساڵی ١٤٠١دا، بەتایبەتی خوێندکاران و قوتابیانی کچ لە خەبات لەدژی حیجابی زۆرەملێ، سەرەڕای توندوتیژی و وەحشیگەرییە دژە خەڵکییەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم، نیشانەیەکی ڕوونە لە شکستی بەتەواوەتی پلانەکانی ڕژیم و "شۆڕشە کولتوورییە شکستخواردووە"کەی و جگە لەوەش نیشانەی ئەوەیە کە خوێندکاران و قوتابیان، بەردەوام هێزێکی پتەو و شێلگیری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بوون و ئێستاکەش هەن. بێهۆ نییە کە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەم چەند ساڵەی دوای ئاخێزی شۆ ڕ شگێڕ ا نە ی "ژ ینا "، بەردەوام لەهەوڵی دارشتنی سیاسەتی نوێدا بووە بەمەبەستی سەرکوتی ئەو بزووتنەوەیە، کە بە نیزامیکردنی بەڕێوەبەرایەتی و پەروەردە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک جینایەتکاری ناسراو و وەرگرتنی هێزە شێوە نیزامی و بناژۆخوازە بەکرێگیراوەکان، لە مەدرەسە و زانکۆکان بۆ سەرکوتی خوێندکاران و بەتایبەتی خوێندکاران و قوتابیانی کچ، لە زومرەی ئەو هەوڵانەن ڕژیم بە دەرکردنی سەدان مامۆستای دڵسۆز و پابەند بە زانست و زانیاری و جەماوەر و خەباتی جەماوەری، هەروەها بوار ڕەخساندن بۆ تاقمێکی کۆنەپەرست، دژە زانست و لایەنگری خوڕافات و دواکەوتوویی، وەک موعەلیم و مامۆستا لە قوتابخانە و زانکۆکان و هەروەها دانانی کەسانی وابەستە بە خۆیان وەک بەرپرسی قوتابخانە و زانکۆکان و ژمارەیەک لات و چەقۆکێش وەک هێزی چاوەدێری و پاراستن، هەوڵیداوە بە زەبری زۆر و سەرکوت کۆنترۆڵی زانکۆ و خوێندنگاکان پەرەپێبدات و بە بەرتەسک کردنەوەی هەرچی زیاتری مەودای ئازادی کچانی قوتابی، شێوە ژیانی دڵخوازی خۆیانیان بەسەردا بسە پێنێت

واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنامەی نێوان وەزارەتی پەروەردە و فەرماندەی گشتی هێزی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

درێژە ی لاپەڕەی٦

ئینتزامی، نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێت پلان و ڕێکاری نوێ بەمەبەستی کۆنترۆڵ و سەرکوتی هەرچی زیاتری قوتابیان بگرێتەبەر. ئەم بابەتە بەلەبەرچاوگرتنی پێشینە و مێژووی هێزی ئینتزامی لە سەرکوتی خەڵک و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ناڕازییان، زەنگێکی مەترسییە بۆ پەرەسەندنی پێشێلکردنی هەرچی زیاتری مافی قوتابیان لە خوێندنگاکانی ئێران و نیشانەی هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی پرسی کۆنترۆڵی ئەمنییەتی، لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە. کە ئەمەش بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی منداڵان و مافی خوێندنە لە ژینگەیەکی ئازاد و ئەمندا. هاتنی هێزی نیزامی و چاوەدێری بۆ ناو ژینگە پەروەردەییەکان نەک هەر ناتەبایە لەگەڵ ڕۆحی پەروەردەیی و ڕاهێنانی قوتابخانەکان، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ و زیانێکی دەروونی جددی بە خوێندکاران و بەتایبەت کچانی تازەلاو دەگەیەنێت. قوتابخانە دەبێت ژینگەیەکی ئەمن و ئارام و ئازاد بێت بۆ پەروەردەکردنی هزر و داهێنان و متمانەبەخۆبوون و هەروەها گەشەی ئەخلاقی، نەک شوێنێک بۆ بەکارهێنانی گوشار و سەپاندنی ئەو ستانداردانەی کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی زۆر و زەبروزەنگەوە، جێبەجێ دەکرێن


لە پاش ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی،یەوە حکوومەت هەوڵدەدات لە ڕێگەی چاودێری ڕاستەوخۆی توێژی لاوانەوە، پێش بە ئەگەری سەرهەڵدانی نائارامییەکان بگرێت. لەمڕووەوە قوتابخانەکانی، وەک ناوەند و چاوگەی سەرەکی ناڕەزایەتی، کردۆتە ئامانج. بوونی پۆلیس لەو ناوەندانە دەتوانێت ببێتە هۆی چاودێری بەسەر ڕەفتار و جل و بەرگ و تەنانەت بیروباوەڕی خوێندکاران، کە ئەمەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای مادەی ١٦ی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ و بەزاندنی سنووری ژیانی تایبەتی تاکەکانە. ئەم ڕێککەوتنامەیە لە ڕاستیدا ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی کۆنترۆڵی ئەمنی هەرچی زیاتر بەسەر لاواندا و هەروەها پێشگیری لە ناڕەزایەتییەکانی داهاتوو بە دڵنیاییەوە خوێندکاران و قوتابیانی خەباتکار، موعەلیمان و مامۆستایانی دڵسۆز و ژنان و پیاوانی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی ئێران، بە یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان، ئەم پلانە لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرستانە، سەرکوتگەرانە و نامرۆڤانەی ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەکەنەوە و ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر ڕیسوا دەبێت

****

# ئازادی ڕادەربڕین دیلی دەستی سەرمایە
# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕاگەیاندن

ڕۆژی شەممە ١٣ی گوڵان، بەرامبەر بە ٣ی ئایاری ٢٠٢٥، لە ڕۆژژمێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕۆژی ئازادی چاپەمەنی بوو. ئەم ڕۆژە دیسامبری ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی ڕاسپاردەی کۆنفرانسی گشتی یونسکۆ ڕاگەیەندرا. ڕۆژی جیهانیی ئازادی ڕاگەیاندنی ٢٠٢٥ لەسەر ئازادی ڕاگەیاندن، ڕەوتی ئازادی زانیاری، سەربەخۆیی میدیاکان و ئامانجی جیهانی دەستڕگەیشتن بە زانیاری و پشتگیری لە ئازادییە بنەڕەتییەکان جەخت دەکاتەوە. پشتگیری لە ئازادییە بنەڕەتییەکانی ناو میدیاکان و لەوانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هێڵی فەرمی، ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتر دەبێت. میدیاکان یەکێکن لە سەرەکیترین داڕێژەرانی ڕای گشتی و چینایەتیترین ئامرازی کاریگەرین لەناو خەڵکدا. چینە داراکان هەمیشە لە میدیا جۆراوجۆرەکان کەڵکیان وەرگرتووە و بە سوودوەرگرتن لە پارە، خاوەندارێتی میدیاکان، ئایین، داب و نەریت، فەرهەنگ، فێرکردن و هەروەها سەرکوتی دڕندانە، هەوڵیان داوە چینە بەرهەمهێنەر، ستەملێکراو و پێشڕەوەکانیان، لە هەموو جۆرەکانی ئازادی و لەوانە ئازادی ڕاگەیاندن بێبەش بکەن. ئەم ڕاستییە لە سەردەمی گەشەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئاشکراتر لە هەر کاتێکی تر خۆی دەردەخات. لەم سەردەمەدا میدیاکان لە شێوازی نووسراو و دەنگ و ڕەنگدا زۆر فرەچەشن بوون و زیاتر لە ڕابردوو خەسڵەتی چینایەتی خۆیان دەرخستووە میدیا گشتییەکان لەوانە ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، سینەما، شانۆ، وێنەگرتن، کتێب، مۆسیقا، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کە لە هێڵی فەرمیدا کار دەکەن، بە شێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە و لە بنەڕەتدا دیفاع دەکەن لە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی، لە دەوڵەتی بۆرژوازی، ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی و سەرجەم خوڕافاتە بنەڕەتییەکانی بورژوای. ئەوان هاوکات زمانحاڵی کێبڕکێی بەشە جیاوازەکانی بۆرژوازین. میدیا بۆرژوازی و ئیمپریالیستییەکان کە زۆربەی کات لە وڵاتانی گەشەسەندووی سەرمایەداریدا سەربەخۆن لە کابینەکان، بەڵام نەک هەر لە دەوڵەتی بۆرژوازی بە مانای گشتی وشە، سەربەخۆ نین، بەڵکوو بە تەواوی لە خزمەتیدان. میدیاکانی هێڵی فەرمی لە وڵاتەکانی لە حاڵی گەشەسەندنی وەک کۆماری ئیسلامی، ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکان و لە ڕێگەی دیکتاتۆرییەتی ئاشکراوە خراونەتە ژێر کۆنترۆڵی چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتی خزمەتکاریان.

ئەم لایەنەی دوایی بە مەیداندارێتی فەرمی سوپەر ملیاردێرەکانی وەک ترامپ، ئیلان ماسک و خاوەنەکانی فەیسبووک و ئامازۆن لە پەنای ملیاردێرەکانی وەک مایکڵ بلوومبێرگ کە لانیکەم خاوەنی زیاتر لە ٤٥ ملیارد دۆلار سامانە و هەروەها ڕابێرت مەردۆک کە خۆی و بنەماڵەکەی لە پێنج وڵات خاوەنی ١٢٠ ڕۆژنامەن، ئاشکراتر بووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێکی گەورە لە میدیا جەماوەرییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کاریگەری و دەسەڵاتی خۆیان پەرەپێدەن. ئەمڕۆ نیوەی دانیشتوانی جیهان لانیکەم یەک هەژماری تۆڕی کۆمەڵایەتییان هەیە. فەیسبووک ٢ ملیارد و شەش سەد ملیۆن بەکارهێنەر، یوتیوب ٢ ملیارد، ئینستاگرام یەک ملیارد و سەد ملیۆن و



هەروەها تویتەر ٣٢٦ ملیۆن بەکارهێنەری هەیە. ئەم پلاتفۆرمانە بەم پەرەسەندنە، دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر ئازادی ڕادەربڕیندا بەدەست هێناوە. ڕاپرسییەکان نیشان دەدەن کە ٥٠٪ی گەورەسالان لەبری ڕۆژنامە و تەلەویزیۆن، هەواڵەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیانتوانی ئامرازێکی بەهێز بن بۆ بەشداری گشتی و ئازادی ڕادەربڕین، بەڵام خاوەندارێتی تایبەت و ستەم و سەرەڕۆیی، ڕێگر بوون لەبەردەم ئەم بابەتە. هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بەرەو ڕاست چوونی زیاتری حکوومەتەکان، سنووردارکردنی ئازادی میدیاکان و لەو ڕێگەیەشەوە ئازادی ڕادەربڕین پەرەی سەندووە. ئەو سنووردارکردنانەی کە دەوڵەتەکان بەسەر ئازادی ڕادەربڕین و میدیاکانی جیهانی گەشەسەندوودا سەپاندوویانە، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بێسنوورە. ئەم ڕژێمە سەرمایەداری و ئیسلامییە بەجۆرێک لە سنووردارکردن و سانسۆر کەڵکی وەرگرتووە کە بە وتەی کانوونی نووسەران "تیراژی کتێبی لە کۆمەڵگەیەکی هەشتا و پێنج ملیۆنیدا گەیاندە ٢٠٠ دانە، شانۆی بە تەواوی لە گۆڕەپان دوورخستەوە، سینەمای فەرمی بێ بایەخ کرد، ئامێرە مۆسیقییەکانی شاردەوە، زۆرێک لە هونەرمەندانی ناچار بە چوونەدەرەوە لە وڵات کرد یان پەراوێزی خستن، ئاشکراکردن و ڕاپۆرتی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی وەک پیلانی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار و وێنەگر نیشان دا." میدیا دەنگ و ڕەنگ و نووسراوەکانی ئەم ڕژێمە درۆزن و چەواشەکارە، کەوتوونەتە بەر قووڵترین نەفرەت و بێزاری هاووڵاتیان. ئەم واقیبعەتە لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێکردووە ئاشکراتر بووە لە بەرامبەر میدیاکانی هێڵی فەرمیدا، میدیا سەربەخۆکان هەن کە هی ژنانی ئازادیخواز، ئازادیخوازان بە گشتی و دژبەرانی سەرمایە و سۆسیالیستەکانن. ئەم میدیایانەن کە ڕاستییەکان دەردەخەن، نەهامەتییەکانی سیستەمی قەیرانلێدراوی سەرمایەداری بەیان دەکەن و بەدیلەکەی واتە سۆسیالیزم بەرجەستە دەکەنەوە. ئەمانە بەم هۆیەوە لەلایەن دەوڵەتەکان و خاوەنکار و بەتایبەتی خاوەنانی میدیا فەرمییەکانەوە لە وڵاتانی گەشەسەندوو لەژێر زۆرترین هێرشدان و لە دەوڵەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامیدا بەتەواوی قەدەغەن. مەودای ئازادی ڕادەربڕین وەک باقی مافە دێموکراتییەکان بەندە بە ڕادەی هێزی چینی کرێکار و لاوازی دەوڵەتە بۆرژواکان

****

## ئەرغەوانی یاد

ن: عەلی محەممەد

**بەرلە ماوەیەک سەرجەمی شیعرەکانی هاوڕێی شاعیر ( سەعید ئەمانی ) ، لەگەڵ وەرگێڕانی چەند شیعرێکی شاعیرانی جیهانی کەوتە بەر دیدەی خوێنەران...**

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هاتنە دنیای شاعیر لە بنەماڵەیەکی دەسکورت و نەداری ئاواییەکی سەر بەناوچەی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جیهانبینی ئەو کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی سەرجەم شیعرەکانی داناوە

**ئەم کتێبە کە ( ٣٥٨ ) لاپەڕەیە، لەدووتوێی بەرگێکی جوان و قەشەنگ دا بڵاوکراوەتەوە**


بەشێکی شیعرەکانی ناوبراو خۆی نووسیویەتی ، چەندین شیعری ناوازە لە خۆ دەگرێ، لە هەر هەموویان دا چەوسانەوەو ڕۆژڕەشی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردەواری بەڕوونی پێوە دیارە، ، لەوەش گرنگتر شاعیر سۆمای چاوەکانی زیاتر روو لەو چینە بەشخوراوو ستەمدیدانەیە کە زۆرترین فشارو ناڕەحەتیان لەسەرە، منداڵانێک کە هێشتا بیرو زەینیان ، جەستەو لەش و لاریان وەک پێویست نەڕەخساوە بۆ کاری سەخت و تاقەتپڕوکێن، لەم نێوەش دا منداڵانی بۆیاخچی و کۆڵبەران وکچان و ژنانی مافخوراو ...دێڕبەدێڕی هەندێ شیعری پێکهێناوە، وێڕای ئاماژەکردن بە سەختی باروژیانیان ، خەبات و تێکۆشان بۆ دواڕۆژێکی یەکسان ودادوەرانە بە مەرج دەزانێ، شاعیر هەر ئەوەی لە شیعر ناوێ کە خەم و پەژارەی دەوروپشت ، چەوساوەو پەراوێزخراوان بەڕستەی جوان و ئەدەبی بەیان کا ، بەڵکو دەخوازێ شیعر جۆش و خرۆش لە نێو ڕیزەکانی ئەم بەشخوراوانەدا بەدیبهێنێ، ئاسۆی ڕزگاریان پێ بناسێنێ، هیواو ئاسۆیەک کە شایستەی هەوڵ و ڕەنج و تەقالای بێ ووچانی ئەوان بێت ، بەتایبەت کە دەزانێت ژیان شیرینە گەر بەربژێرێکی دەسەڵاتدار تاڵی نەکەن، سروشتیش هەگبەو بارگەو بنەی پڕو لێواو لێوە ، ئەگەر زۆرداران بە قازانجی خۆیان خاڵی نەکەنەوەو هەڵینەلوشن، ئازادی و بەختەوەریش وەک مەلێک دەکرێ لە فەزای ژیان و گوزەران دا بێت و بچێ، ئەگەر دوژمنانی ئازادی پەڕوباڵی نەکەن، بۆ ئەم ڕزگاری و بەختەوەرییەش شاعیر لە هەندێ شیعری دا ناخوازێ لە خەبات و تێکۆشان دا دیسانەوە تولە ڕێی باریک و کوێرە ڕێگا بگیرێتەوە بەرو ئەزمونکراوەکان دووبارە بکرێتەوەو هاوکات هەروەک لە هەندێ شیعردا ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگ هەر بەرزکردنەوەی دروشم و داواکاری قورس و قەبە نییە، بەڵکو خەباتکردنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەو پاڵپشتیکردنی ئەو هێزانەیە کە لەو ڕێیەدا ماندوونەناسانە خەبات دەکەن .. هەروەک ئاماژەمان پێدا زۆرێک لە شیعرەکانی شاعیر لەژێر نەخش و کاریگەری بیرو ڕێبازەکەی و ئەو شوێن و ڕێبانەدایە کە بەشمەینەتانی کۆمەڵگاکەی لە ژیان و گوزەران و خەبات دا دەیگوزەرێنێ، هەر ئەمەش وایکردووە لە هەموو شیعرەکانی دا ئەم خاڵە بەڕوونی دەربکەوێتەوە و وەفاداری خۆی بۆ بیروباوەڕو ئامرازی خەباتکارانەو هیوای ڕزگاری بەشخوراوان دووبارەو دەبارە بێتەوە و لە نێو ئەمانەش دا هەموو ئەو ڕێبەرو سونبول و هێما درەوشاوانەی کاروانی خەباتکارانە وەبیردێنێتەوە ، وەک زیندوانێکی ڕێ پیشاندەر و جۆشدەری تێکۆشان دەیانهێنێتەوە یادو خانەی موعینی و کاک حەمە حسەینی کەریمی و دکتۆر جەعفەری شەفیعی و سەدیقی کەمانگەرو فوئادی مستەفا سوڵتانی و زۆرێکی تریش بە ئیلهامبەخش و ئاڕاستەکاری دواڕۆژێکی باشتر دەناسێنێ ...

**سەعید ئەمانی شاعیر ، وەک ڕۆڵەی سەردەمەکەی خۆی ، ئاگایانە ڕووداو و بەسەرهاتەکان نووشوست و سەرکەوتنەکان و کارەساتەکان و گیانبەختکردووانی زیندانییە سیاسیەکان و هەڵەبجەو گوردانی شوان و دۆڵی بۆتێ و هە موو ئەوانەی لە ڕێگای ئازادی و یەکسانی گیانیان لەدەسداوە بەسەرکردووەتەوەو هیوای پێبە خشیو ن**

بەوەی کە کاروانی ئەوان هەر بەردەوامەو ڕاوو ڕێبازیان هەردەم ڕوو لە دەوڵەمەندی و نوێبوونەوەو ئاوەدانی زیاتر دەچێ... جگە لەم شیعرانەش شاعیر هەندێ شیعری سنورو دەوروپشت و ناوچەی تێپەڕاندووە و تێکۆشان و بەرخۆدانی کۆبانییەکان و کچان و ژنانی فیداکار دژی هێزە کۆنەپەرست و تاریکبینەکان وچین و توێژە زۆرلێکراوەکانی زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆڕووخاندنی سیستمە ملهوڕو زۆردارەکانیان بەرز دەنرخێنێ و بەڵام ئەوەش لە یاد ناکات کەبڵێ مسۆگەری سەرکەوتنی ئەو خەبات و تێکۆشانەیان بەوە دەبێ کە بەلاڕێ دا نەچن و فریو بە لایەنگەل و کەسانێک نەخۆن کە جگە لە دووبارە هێنانەوەی ستەم و زۆرداری و ڕۆژڕەشی زیاتر هیچی دیکەیان لێ چاوەڕوانناکرێ، بەکورتی و بە کوردی شاعیرهەوڵی داوە هەرچی بیرو بۆچوونی خۆیەتی سەبارەت بە ستەمکاران و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و سیستمی نوێی فریوکاری جیهانی ئۆپۆزسیۆنی ڕیاکارو خەسیووبێ هەڵوێست لە شیعرەکانی دا جێ بکاتەوە ...

دەبێ ئەوەش بڵێین لە زۆرێک لە شیعرەکان دا ، وێڕای بەکارهێنانی ووشەو زاراوەی کوردی زۆر سادەو ڕەوان ، شاعیر بە چەندین وێنەی شیعری جوان شیعرەکانی مانادارترو ڕازاوەتر کردووە، پێدەچێت زۆرێک لەم وێنانە بەرهەمی بیرو دەسڕەنگینی خۆی بێت، نەک لە شوێنی دیکەوە هێنابێتی ..

پێم باشە ئەوەش بڵێم جێگای پرسیارو سەرسوڕمانە ، چۆنە هەر لە نێو ئەم شیعرانەدا تەنها شیعرێکیش بە باڵای جوڵانەوەی بەهێزی ناسراو بە ( شۆڕشی ژینا ) دا دانەبڕاوە، کە تاج و تەختی ستەمکارانی هێنایە لەرزەو وەک سونبل و هێمایەکی قەشەنگ چوارچێوەی وڵات و ناوچەیەکی تێپەڕاندو بووە مایەی شانازی و جۆشدەری خەبات و تێکۆشان لە سەراپای




جیهان دا، ئاخۆ شاعیر لە یادی چووە یاخود جووڵانەوەکە هێندە بەهێزو کاریگەر بووە شیعر بێ تواناو لاواز بووە لەوەی وەک خۆی بیبینێ و گوزارشتی لێبکاو بیناسێنێ ..

ماوەتەوە ئەوەش بڵێم لە بەشی وەرگێڕەکانیش دا ، دیسان شاعیر هەوڵی داوە گوڵبژێری هەندێ شاعیرو شیعر بکا کە کە خزمەت بەو ڕاو ڕێبازە دەکا کە شاعیر بۆ خۆی بڕوای پێیە، ئەوانەی کە لە کاروانی خەباتی ڕۆشنبیری و سیاسی دا سەردەمانێکی زۆر جێگایان دیاربووەو هەر دەشمێننەوە، لە وێنەی مایکۆفسکی و نازم حیکمەت و ئەحمەدی شاملۆو سەید عەلی ساڵحی و مینا ئەسەدی و فەریبا مەرزیان ومەرجان ئەنساری ... لە ڕاستی دا ناواخنی هەموو ئەم شیعرانەش زۆر دەوڵەمەندو پڕ ماناو گشتگیرو ئومێدبەخش و ئازادیبەخش و مرۆڤدۆستانە و ئیلهامبەخشی تێکۆشان و بەرخۆدانی بەردەوامن... لەکۆتایی دا دەسخۆشی لە برای شاعیر سەعید ئەمانی دەکەم و وەفاداری بەکردەوایان بۆ بۆ وابەستەیی بەکاروانی ئازادیخوازان و ڕاو ڕێبازیانەوە بەرز دەنرخێنم و هیوادارم لە بەرهەمەکانی داهاتووی دا ووردبینانەترو بابەتیانەترو بە ئاسۆی بیرو تێڕوانینێکی فراوانترەوە بەبەرهەمی جوان و ناوازەتر بەرچاومان ڕۆشنترو ناخمان ئاسودەترکا..

❊❊❊❊

# یەکی ئایار ڕۆژی ناڕەزایی لە دژی سیستەمی کۆیلایەتی کرێکاری و دڕندەیی سەرمایەداری



گەلێک ڕێکخراو لە دەرەوە بەرامبەر بە ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٥ کاردانەوەی ڕادیکاڵیان نیشان داوە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان دەکەین

ئاشکرایە کە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری سیستەمی بۆرژوازی زاڵ بەسەر جیهاندا، بەرەوپیری ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٥ دەچین. ئەم ناسەقامگیرییە بارودۆخی ژیان و کاری ژنان و پیاوانی کرێکاری بە توندی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە.

فیدراسیۆنی جیهانی یەکێتییە کرێکارییەکان، کە زیاتر لە ١٠٥ ملیۆن کرێکار لە هەموو شوێنەکانی جیهان لەخۆ دەگرێت، لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی "ڕۆژی جیهانی کرێکار" نووسیویەتی: "قەیرانی سەرمایەداری قووڵتر و گشتگیرتر بووە. نایەکسانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی کارەساتبار خەریکە پەرە دەستێنێت. ئازادیە دێموکراتییەکان و مافی یەکیەتییەکان لە سەرانسەری جیهان کەوتوونەتە بەر هێرش و شەڕ و دەستێوەردانی ئیمپریالیستی، بۆتە بەرنامەیەکی بەردەوام" ئەم فیدراسیۆنە دیفاع لە بارودۆخی ئەمنییەتی کار، حەقدەستی تەواو و گونجاو، بەرزکردنەوەی پلە و شکۆی مرۆڤایەتی، خەبات لە دژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە فەلەستین و بەتایبەت غەزە و هەروەها خەبات لە دژی میلیتاریزم و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەی لە جیهاندا وەک گرنگترین ئاڵەنگارییەکان ناوبردووە. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە کراوە بە ڕێژەی خەرجییە سەربازییەکانی جیهان لە ساڵی ڕابردوودا، کە گەیشتۆتە بڕی ٢.٤٦ تریلیۆن دۆلار

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەموو بارودۆخێکی ماددی و مەعنەوی بۆ ئازادی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش ئامادەیە. خاوەنانی سەرمایە و دەوڵەتە بۆرژوازییەکان ڕێگری سەرەکین لە بەرامبەر کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتانە. ئەوان بە زەبری زۆر و سەرکوت چوونەتە شەڕی کرێکاران. هەروەها نووسراوە کە کرێکارانی جیهان لە بەرامبەر ئەم هێرشە دژە کرێکارییە بۆسەر ماف و ئازادیەکانیان بێدەنگ و پاسیڤ نەبوون. ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهان بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەپێناو کاری شەرافەتمەندانە و پشتگیری لە مافی ڕێکخستن و مافە کۆمەڵایەتییەکاندا خەبات دەکەن. هەروەها ڕێکخراوێکی ناوچەیی ئەفریقایی فیدراسیۆنی ناوبراو، بەبۆنەی یادکردنەوەی یەکی ئایار لە بەیاننامەیەکدا جەختی لەسەر گۆڕانکارییەکی ئابووری دادپەروەرانە و گشتگیر لە ژینگەیەکی ئاشتیانە و بەردەوام لە کیشوەری ئەفریقا کردووەتەوە

یەکێتی گشتی کرێکارانی کانەداش لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی "ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٥ نووسیویەتی: "بەرگری لە مافە کرێکارییەکان و لە یەکسانی و دادپەروەری ئابووری، ئەمڕۆ لە هەر کاتێک پێویستترە." ئەم یەکێتییە گرنگییەکی تایبەتی داوە بە خەبات لە دژی چەوساندنەوە، شەڕ، بەرگری لە فەلەستینییەکان و مافی ڕ ێکخستن

یونیفەر (گەورەترین یەکێتی کرێکارانی بەشی تایبەت) لە کانەدا، بەیاننامەی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٥ی بەم شێوەیە دەستپێکردووە: "ڕۆژی کرێکار تەنها جەژنی سەرکەوتنەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئەمە بانگەوازێکە بۆ هەوڵ و خەبات. ڕۆژێکە بۆ ئەوەی دووبارە خەبات لەپێناو دادپەروەری، گەڕاندنەوەی شکۆ و دادگەری بۆ چینی کرێکار، بە ئەرکی سەرەکی خۆمان دابنێین و لە هێزی بەکۆمەڵی کرێکاران لە سەرانسەری جیهان هێز وەربگرین، بارودۆخەکە قەیراناوییە. بەڵام مێژوو فێری کردووین کە کرێکاران تەسلیم نابن.


لە ئێرانیش ١١ ڕێکخراوی کرێکاری، ژنان و خانەنشینان لەژێر ناونیشانی "ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمەڵایەتییەکان" ڕۆژی ٦ی گوڵانی ١٤٠٤، بەیاننامەیەکیان بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکار بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا وێڕای ئاماژە بە بەڵا و موسیبەتەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئەستی جیهان و لە ئێران، هاتووە کە یەکی ئایار ڕۆژی دەربڕینی ناڕەزایەتییە لە دژی کۆی ئەم سیستەمە کە لەسەر بنەمای بە کۆیلەکردنی کرێکاران و دڕندەیی سەرمایەداری دامەزراوە، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و مەینەتەیانەیە کە سەرچاوەکەیان دەسەڵاتی سەرمایەیە. هەر بۆیە ڕۆژی جیهانی کرێکار تەنها پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیدارە بە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای ژێر ستەم و هەڵاواردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایینی و هتد. هەروەها پەیوەندیدارە بە بنەماڵەی دادخوازان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و دژبەرانی ئێعدام و سەرکوت

هەروەها چەند ڕێکخراوی سەربەخۆی تری کرێکاری و خانەنشینی، بەیاننامەکەی خۆیان بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی یەکی ئایار بەم شێوەیە دەستپێکردووە: "ڕۆژی جیهانی کرێکار ڕۆژی هێمای هاوپشتی و بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی سەربەخۆی چینی کرێکارە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری." لە بەیاننامەکەدا وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵی سیستەمی سەرمایەداری لە جیاوازی قووڵی چینایەتی، پەرەسەندنی هەژاری و برسێتی، پێشێلکردنی مافە دیموکراتیکە بەدەستهاتووەکان لەلایەن کرێکارانەوە و هەروەها وێرانکردنی ژینگە، بە تایبەت سەرمایەداری ئێرانی بە بیرۆکراتیک، دەسەڵاتێکی ستەمکار و سەرەڕۆیی ئیسلامی ناوبردووە. لە بەشەکانی کۆتایی بەیاننامەکەدا وەبیر هێنراوەتەوە کە چینی کرێکار بۆ گۆڕینی چارەنووس و ڕزگاریی خۆی و زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش، دەبێت سیستەمی سەرمایەداری کە سەرچاوە و هۆکاری هەژاری، نەهامەتی و ڕۆژەشییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشە، تێک بڕووخێنێت و کۆمەڵگایەکی بەری لە زوڵم و ستەم لەسەر بنەمای ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە بنیات بنێت

هەروەها کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی زیندانی ئەوین بەیاننامەیەکی دژە سەرمایەدارییان بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کرێکار بڵاوکردووەتەوە و تێیدا نووسیویانە کە هاوڕێ و هاوخەبات لەگەڵ هێزەکانی تری دژ بە سەرمایە و خوازیاری گۆڕانکاری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و شایستەی مرۆڤی پێشکەوتووی ئەمڕۆ، کۆمەڵگایەک بێ هەژاری و چەوساندنەوە و سەرکوت تێدەکۆشن

" هەروەها کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی ناوخۆی وڵات، کۆمەڵێک لە ژنانی تاران و کەرەج"یش وێڕای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک بە ناوەرۆکی سۆسیالیستی، وتویانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا حزووری کەمی ژنان لە بازاڕی کاری فەرمی ( تەنانەت کەمتر لە ڕێژەی ژنان لە پاکستان) و نافەرمی، لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە زانکۆ، پەروەردە و فێرکردن، میدیا، هونەر، ئەدەبیات، وەرزش و هتد، بنەمای ماددی بزووتنەوەیەکی فەراهەم کردووە بە ناوی بزووتنەوەی ژنان کە نە دەوڵەت و نە بزووتنەوەکانی تر ناتوانن و نەیانتوانیوە لەبەرچاوی نەگرن، وەک چۆن لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا نەک هەر دەسەڵاتی بە شێوەیەکی جیددی لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو کردەوە، بەڵکوو لەو کاتەوە ئیتر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی زۆربەی بزووتنەوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان

****




## ناردنی کورتەنامە
# بەمەستی ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ژینا، نیشانەی ئەوپەڕی داماویی ڕژێمە

ڕەوتی لایەنگری سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژنان و بێگومان کۆمەڵگادا، لە سەرەتای خاکەلێوەوە دەستی بە هەندێک هەنگاوی سەرکوتکارانەی زیاتر کردووە. ئەم کۆنەپەرستە شکستخواردووانە بە ناردنی کورتەنامەی حیجاب، دانانی کامێرای چاودێری و بەکارهێنانی هێلیشات بۆ وێنەگرتن، هەوڵ دەدەن وەری پاشماوەی هێزەکانیان بەرز بکەنەوە. بەگوێرەی هەندێک لە ڕۆژنامەکان ستادی ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر، وێڕای نوێنەری سەر بە کەمینەیەکی پارلەمان، دەستیان لە ناردنی ئەم کورتەنامانەدا هەیە. وا پێدەچێت کە ئەوانە سەر بە بەرەی پایداری بن. حیجابی زۆرەملێ لە ئێران، کە لە ساڵی ١٣٥٨ەوە بەرەبەرە چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ساڵی ١٣٦٣ بە فەرمی بوو بە یاسا، بووە بە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، دابینکردنی دێموکراسی و دروستکردنی سیستەمێکی مرۆڤ-تەوەر. خەبات لەدژی ئەو یاسایە، بووە بە هێمای بەرەنگاری بەرامبەر بە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ژنانی هاوڵاتی و ئازادی جلوبەرگ، تەنها یەکێکە لە لایەنەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەرینە لەگەڵ کۆنەپەرستی ئیسلامی، سەرمایە و کۆتوبەندەکانی.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧، حیجاب وەک یەکێک لە سیاسەتە ئیدئۆلۆژییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی هاتەئاراوە. لە سەرەتادا، ژنانی بێ حیجاب لە چوونە ناو ئیدارە دەوڵەتییەکان مەنع کران و ساڵی ١٣٦٣ بە پەسەندکردنی یاسای سزادانی ئیسلامی، پابەند نەبوون بە حیجاب، سزای نەختینە، قامچی و زیندانی لەخۆگرت. خۆڕاگریی بەرامبەر بەو یاسایە و هێرشی مەئموران و بەکرێگیراوان بۆ سەر ژنان و پیاوانی پشتیوانیان، لەو کاتەوە کەم و زۆر بەردەوام بووە. ئاست و بەرفراوانی خۆڕاگریی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، ڕژێمی ئیدئۆلۆژیکی تووشی داماویی و سەرلێشێواوی کرد و ڕێکخستنی گەشتی بەدناوی ئیرشاد لە ساڵی ١٣٨٥دا، بەرهەمی ئەم سەرلێشێواوییە بوو چڕبوونەوەی هەنگاوە سەرکوتکەرەکانی کاربەدەستانی ڕژێم لە گەشتی ئیرشاد دا بووە هۆی ئەوەی ژنان خۆڕاگریی خۆیان بە شێوازی کەم-حیجابی، تێکهەڵچوون لەگەڵ مەئموران، خۆبواردن لە سواربوونی وەنەکان، هاوارکردن و یارمەتی خواستن، دەربڕن. ئەم کێشمەکێشانە بەردەوام بوون تا ویدا مووەحید ڕۆژێک بەر لە ئاخێزی ناڕەزایەتی کرێکاران و پەراوێزنشینان لە بەفرانباری ٩٦، سەرپۆشێکی سپی بە دارێکدا کرد و لەسەر بەرزاییەک ڕاوەستا و بووە هۆی لەدایکبوونی کەمپەینی "کچانی شەقامی شۆڕش" کەمپەینی "چوارشەممە سپییەکان" ١٣٩٧-١٣٩٨ شوێنی کەمپەینەکەی پێشتری گرتەوە. لەو بزووتنەوەیەدا ژنان بە پۆشینی جلوبەرگی سپی و بڵاوکردنەوەی وێنەی بێ حیجاب، خوازیاری لابردنی حیجابی زۆرەملێ بوون. ساڵی ١٣٩٦ ئاخێزی جەماوەری خەزەڵوەر بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئوسوولگەرا، ئیتر تەماوە ماجەرا" قۆناغی خەباتی پێش خۆی، بۆ ئاستێکی نوێ بەرز کردووە. لە درێژەی ئەو خەباتەدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و دوو ئاخێزی ٩٦ و ٩٨،

دوای گیان لەدەستدانی ژینا (مەهسا) ئەمینی بەدەستی فەرماندە و مەئموورانی گەشتی ئیرشاد، خەرمانانی ١٤٠١ ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، لەدایک بوو ئەم ئاخێزە مێژووییە کۆی سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایە و لەنێویاندا پیاوسالاری جێگیر لە نەریتی ئیدیۆلۆژی ڕژێمی بردە ژێر پرسیار. لەسەر ئەم بەستێنە "ژیان" لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، بەهرەمەند بوون لە خۆشگوزەرانی گشتی کۆمەڵگای کردووەتە ئامانج. کاتێک "ژیان" لە تەنیشت "ژن" وەک بزوێنەری خەبات لە دژی ئاپارتایدی ڕەگەزی و "ئازادی" واتە ڕزگاری مرۆڤ لە کۆت و بەندی سەرکوت دادەنرێت، زەمینەی پەیوەندی "خەبات لەپێناو ئازادی" و "خەبات لەپێناو نان" فەراهەم دەکات. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا، خەبات لەپێناو ئازادی و خەبات لەپێناو نانی لێکهەڵپێکاوە کاتێک شۆڕش کاری جەماوەرە، بەرەوپێشبردنیشی ئەرکی سەرشانی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا بەسەر چین و توێژی جیاوازدا دابەش دەبێت و هەر چین و توێژێک لەناو ئەم بزووتنەوانەدا خواست و ویستی جیاوازیان هێناوەتە گۆڕێ. هەربۆیە ئێستا شاهیدی پڕبوونەوەی کەلێنی خواستی ئازادیخوازانە و مەدەنی، بە خواستی یەکسانیخوازانە و کۆمەڵایەتین. دەستکەوتی مێژووسازی شکستدانی "یاسای حیجاب" لە درێژەی ئەو خەباتەدا بەدەست هاتووە. ئێستا ژنان وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگرانی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری، ئێعدام، هەژاری و جینایەتی ئیسلامی و جێگرتنەوەی بە حکوومەتێکی کە تێیدا ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەر بێت، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە ناخی کۆمەڵگادا بەرەوپێش دەبەن. لە بەرامبەر شەپۆلی بەرین و بەردەوامی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ناخی ژیانەوە بەرەو دروستکردنی کەشێکی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا هەنگاو دەنێت، کورتەنامەی حیجاب، دانانی کامێرای چاودێری و بەکارهێنانی هێلیشات بۆ وێنەگرتن لە هاوڵاتیان، وەک پووشی بەربایەکی بەهێز وایە و ئیرادە بۆ درێژەدان بە بەردەوامبوون لەسەر ئەو خەباتە، پتەوتر دەکات

***

# وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی پەرستار




هەموو ساڵێک ڕۆژی ١٢ی ئایاری (٢٢ی گوڵان) ڕۆژی جیهانی پەرستار بە بۆنەی لەدایکبوونی فلۆرانس نایتینگڵ، دامەزرێنەری پەرستاریی هاوچەرخ، بەرز ڕادەگیرێت. ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ سوپاسگوزاری لە هەوڵی بێوچان و فیداکارانەی پەرستاران لە سەرانسەری جیهان. پەرستاران کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی تەندروستین و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، چاودێریکردنی نەخۆشەکان و پاراستنی تەندروستی کۆمەڵگا. کاری پەرستاران تێکەڵەیەکە لە ئەزموونی زانستی، شارەزایی تەکنیکی و هاوسۆزی مرۆڤایەتی. ئەنجومەنی نێودەوڵەتی پەرستاران لە ڕاپۆرتی ڕۆژی جیهانی پەرستاریدا ڕایگەیاند: بەپێی ڕاپۆرتی ڕاپرسی لە ڕێکخراوەکانی پەرستاری وڵاتان، ٦١٪ی پەرستاران بەدەست فشاری کارەوە دەناڵێنن. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، قورسی کار و کەمی پەرستار، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە زۆر وڵاتدا، ڕووکردنە پیشەی پەرستاری کەم ببێتەوە. بەڵام پەرستاران لە ئێران لەگەڵ چەندین کێشە بەرەوڕوون. لە زومرەی ئەم کێشانە، ماندوویی و بارودۆخی قورسی کار وێڕای گرفتەکانی تر، لەوانەیە گرنگترین کێشەکانی پەرستاران بێت. ڕێژەی پەرستار بۆ هەر تەختێکی نەخۆشخانە لە ئێران زۆر کەمترە لە ستاندارده جیهانییەکان. بەهۆی کەمی پەرستار، زۆرێک لە پەرستاران ناچار بە شیفتی درێژەماوە و ئیزافەکاری دەبن، کە ئەمە تەندروستی جەستەیی و دەروونیان دەخاتە مەترسییەوە و هەر ئەم کەمییەش هۆکارە بۆ گوشاری کار و ماندوویی هەرچی زیاتری پەرستاران. بەڵام سەرەڕای سەختی کار و بەرپرسیارییەتییە قورسەکان، حەقدەستی پەرستاران گونجاو نییە لەگەڵ هەوڵ و زەحمەتەکانیان. ئەمە بووەتە هۆی ناڕەزایەتی پیشەیی و کۆچکردنی پەرستارانی بەتوانا. زۆرێک لە پەرستاران بە گرێبەستی کاتیی و شیرکەتیی کار دەکەن، کە ئەمە هەڕەشەیە بۆسەر ئەمنییەتی پیشەیی ئەوان. لە هەمانکاتدا، پەرستاران لەگەڵ مەترسی نەخۆشی جۆراوجۆری گوازراوە و زیانە پیشەییەکان بەرەوڕوون. ئەم مەترسیانە لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩دا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پەرەی سەند

لە ساڵانی ڕابردوودا، بزووتنەوەی پەرستاران بەشێک بووە لە ناڕەزایەتییە گشتییەکانی خەڵکی ئێران لەپێناو بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان. لە بواری داواکارییەکانی پەرستاران، کۆماری ئیسلامی تەنانەت بە یاسا و پەسەندکراوەکانی خۆیشی پابەند نییە. لە ساڵی ١٣٨٨دا پەرستاران بە فەرمی خرانە پۆلێنبەندی پیشە قورس و زیانبەخشەکان. بەڵام ئەم بڕیارە نەک هەر جێبەجێ ناکرێت، بەڵکوو بەهۆی کەمی پەرستار و پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانیان، بەردەوام فشاری کار لەسەریان زیاتر دەبێت. کەمی پەرستار ناچاریان دەکات کە ئیزافەکاری بکەن، لە کاتێکدا هێشتا حەقدەستی شیفتی ١٠ ساڵی پێشووتریان پێ نەدراوە. لە ئێران بۆ هەر ٣ تەختێکی نەخۆشخانە تەنیا یەک پەرستار هەیە. لە کاتێکدا بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، بۆ بەشە گشتییەکان لانیکەم ٢ پەرستار بۆ هەر تەختێک و لە بەشی چاودێری تایبەت ٤ بۆ ٥ پەرستار بۆ هەر تەختێک پێویستە. ئێران بۆ گەیشتن بە ستاندارده جیهانییەکان، ٢٩٠ هەزار پەرستاری دیکەی پێویستە. لە کاتێکدا کە چارەسەرنەکردنی کێشە و داواکارییەکانی پەرستاران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، وایکردووە کە لە ساڵانی ڕابردوودا، ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ پەرستار کۆچ بکەن بۆ کانەدا، قەتەر و وڵاتانی ئورووپا. بەڵام ئەمە تەنیا پەرستاران نیین کە بەدەست ئەو کەمبوونانەوە کە بەسەریاندا سەپێنراوە ئازار دەچێژن، بەڵکوو بە هەر ڕادەیەک ئاستی ستانداردی ژیان و دابینکردنی پێداویستییەکان و بارودۆخی کاری پەرستاران لەخوارەوە بێت، بە هەمان ڕادەش ئەگەری چاکبوونەوەی نەخۆشەکان کەمتر دەبێتەوە. کاتی درێژەماوەی کار، بارودۆخی زۆر سەخت و بەرپرسیارییەتی هەستیار لە لایەک و ماف و حەقدەستی کەم و داهاتوویەکی ناڕوون لە لایەکی تر، تەنیا کاریگەری ناکاتەسەر ئاستی ژیانی پەرستاران، بەڵکوو ئەم ئاستە لە بێبەشییە، کاریگەری جیددی لەسەر تەندروستی کۆمەڵگاش دادەنێت و دەبێتە هۆی درەنگ چاکبوونەوەی نەخۆشەکان

کرداری کارگێڕانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە داواکارییە ڕەواکانی پەرستارانی بێبەش و زەحمەتکێش، نەک وەڵامدانەوە بە داواکارییە سەرەتاییەکانیان و بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ فریوکاری و پێشێلکردنی مافەکانی پەرستاران و ڕێگرتن لە ناڕەزایەتییەکانیان، لە ڕێگەی ڕێکخراوە دەستکردەکانی وەک «ڕێکخراوی نیزام پەرستاری». ئەم ڕێکخراوەی سەر بە دام و دەزگا ئەمنییەکان، دەیەوێت بە نفووزکردنە نێو پەرستاران، ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا دروست بکات و ڕێگری بکات لە یەکگرتووبوون و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆی پەرستاران لە ئێران. بەڵام ماوەیەکی زۆرە کە سروشتی دژە پەرستاریی ئەم ڕێکخراوە حکومییە، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و چەواشەکاری و هەروەها پاساوکردنی کەمتەرخەمییەکانی بەرپرسانی ڕژێم لە ئاست وەڵامدانەوە بە ویست و داواکارییەکانی پەرستاران، بۆ ڕای گشتی پەرستاران ناسراوە و ئەم ڕێکخراوەش وەک ڕێکخراوە دروستکراوەکانی دیکەی ڕژێم لە نێو پەرستارەکاندا بێ بایەخ بووە. بە پێزانین و ڕێزگرتن لە فیداکارییەکانی ئەم بەشە ماندوونەناسەی کۆمەڵگا، ڕۆژی جیهانی پەرستاران بەرز ڕادەگرین و لەسەر ویست و داواکارییە ڕەواکانیان، کە لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت، جەخت دەکەینەوە

***

# لە ڕێکخەرانی سوپا پڕ چەک و چۆڵەکان چاوەڕوانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ناکرێت



کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکەتی ١٦ی ئایاری وەک «ڕۆژی جیهانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە» ڕاگەیاند. هەروەها کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٨١ لە بڕیارێکی دیکەدا ٢١ی سێپتامبری وەک «ڕۆژی جیهانی پێکەوە ژیانی ئاشتی» دیاریکرد و ئەم بەهاییانەی خوارەوەی بۆ بە پێویست زانی: ڕێزگرتن لە ژیان، مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، پەرەدان بە نەهێشتنی توندوتیژی لە ڕێگەی پەروەردە، گفتوگۆ و هاوکاری، پابەندبوون بە چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییەکان، پابەندبوون بە ئازادی، دادپەروەری، دێموکراسی، سەبووری، هاوپشتی، هاوکاری، قبوولکردنی فرەچەشنی، هەمەچەشنیی کلتووری، گفتوگۆ و تێگەیشتن لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە و نێوان نەتەوەکان. لە ئۆکتۆبری ١٩٤٥ەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕواڵەت بۆ دیفاع لە ئاشتی و ڕێگرتن لە شەڕ دامەزرا، سەدان شەڕی گەورە بچووک لە سەرانسەری جیهان ڕوویداوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە ڕێگرییان لێبکات. ئەم ڕێکخراوە نەک هەر نەیتوانیوە لە ڕێگەی چارەسەری ناکۆکییەکانەوە ئاشتی لە جیهان دابین بکات، بەڵکوو لە خزمەت دەوڵەتەکانی خاوەن مافی ڤیتۆ، بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا بووە و زۆرێک لە شەڕ و داگیرکارییە پاساو کردووە. واتە ئەو شەڕانەی کە ئامرازێکی سەرەکیی بوون بۆ سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان بۆ زاڵبوون بەسەر ناکۆکییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەپاڵ شەڕدا، قاتی و قڕی و نەخۆشی و ئاوارە بوون، بەرۆکی قارەی هەمیشە برسی ئەفریقا بەرنادات. ڕۆژی جیهانی ئاشتی لە حاڵێکدا ڕێز لێدەگیرێت کە لە ئاکامی شەڕ و توندوتیژی و هەژاری و نائەمنیدا، ٢٠٠ ملیۆن کەس ماڵ و حاڵیان جێهێشتوە و ئاوارە بوون. لە گەلێک لە شوێنەکانی دنیا سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە توندترین شێوە پێشێل دەکرێت. ژن ئازاری و توندوتیژی لەدژی ژنان، منداڵ ئازاری، کاول کردنی ژینگە هێشتا لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا لەوپەڕی خۆیدایە

زۆربەی ئەوانەی کە لەمرۆدا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کۆبوونەتەوە و زەنگی ئاشتی لە حوزوری ئەواندا لێئەدرێت، ڕێکخەرانی ئەرتەشە سەرتاپا چەکدارەکان، بەرهەمهێنەران و زەخیرە کەرانی چەکە کۆمەڵ کوژەکان، هەڵگیرسێنەرانی شەڕەکان، دامەزرێنەرانی زیندان و ئەشکەنجەگاکان و دارەکانی ئێعدام، پێشێل کەرانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، سەبەبکارانی چەوسانەوەی منداڵان، سەردەستەی مافیای سەروەت و دەسەڵات، تاوانبارانی ڕیزی یەکەمی سەرجەم خەسارە کۆمەڵایەتیەکانن. ئەوان پاسدارانی نیزامێکن کە بەرهەمی ڕەنج و کاری بە میلیارد ئینسان هەڵدەلوشن و ڕێگای خۆیان بە ناخی ئاگر و خوێندا بە قیمەتی زەوت کردنی مافی ژیان لەم ئینسانانە خۆش دەکەن. ئەوان پاسدارانی نیزامێکن کە بە هۆی قازانج پەرستی خۆیەوە ڕەحم نە بە ژینگە و نە بە ئینسانیش ناکات. لە سەرویانەوە کەسانێکی وەک دۆناڵد ترامپ بوونی هەیە کە تەنانەت قەراردادێکی فۆرماڵیش بۆ پارساتنی ژینگە بە پێویست نازانێ و قەبوڵی ناکات

لە ئاوا بارودۆخێکدا بەشەریەت تەنیا دوو ڕێگای لەبەر دەمدایە. یان بە چارەنووسێک کە ئەمانە بۆ ئینسانیان دیاری کردوە، ڕازی بێت کە لەم حاڵەتەدا سەرئەنجامێکی بێجگە لە لەنێوچوونی شارستانیەت و فەرهەنگ و گشت دەست کەوتەکانی بەشەری بەدواوە نابێت و لە باشترین حاڵەتدا ئینسان، هەڵبەت ئەگەر ئینسانێک مابێتەوە، دەیگێڕنەوە بۆ بەربەڕیەتی هەزاران ساڵی ڕابردو. یان کۆمەڵگا لەم گوزەرگا سەخت و دژوارە دەپەڕێننەوە و بەرەو دنیایەکی دوور لە شەڕ و توندتیژی، پڕ لە ئازادی و ڕیفاه و یەکسانی، دنیای سۆسیالیزم ڕێبەری دەکەن. دنیایەک کە تێیدا سەرجەم ئەو هەڵاواردنە ئابووری، جنسی، ڕەگەزی، نەتەوەییانەی کە بوونەتە سەبەبی شەڕ و توندتیژیەکان، هەڵدەوەشێننەوە، کۆمەڵگایەک کە تێیدا بەرینترین ئازادییە فەردی و سیاسیەکان بەدی دێت. کۆمەڵگایەک کە خورافات و دواکەوتوییە فەرهەنگیەکان دەخرێنە مۆزەخانەی مێژووەوە و دۆخێک فەراهەم دەبێت کە تێیدا " گەشەی ئازادی هەر کەسێک مەرجی ئازادی هەموان بێت." بەڵام وەها کۆمەڵگایەک خۆی لە خۆیەوە لە دایک نابێت. ناکۆکی و قەیرانەکانی نێوخۆی ئەم نیزامە، چەوساندنەوە و شەڕ و هەژاری خۆیان لە خۆیانەوە نابنە هۆی لەنێوچوونی. ئەم ئاڵوگۆڕە چارەنووس سازە پێویستی بە وشیاری، ڕێکخراوی و ڕێبەریی، بە خەباتی ئامانجداری کرێکاران، ئەوانەی کە هیچ قازانجێکیان لە بەردەوام بوونی ئەم مناسباتەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێستادا نییە، بە خەبات و هەڵسوڕانی هاوبەش و بەیەکەوەی هەموو ئەو ئینسانانەی کە مەترسیەکانی ئەم نیزامە ژیانی ئەوانیشی بەرەو نابوودی پاڵ پێوەناوە، هەیە. ناکرێ چاوەڕوانی ئاشتی جیهانیت لە شەڕ سالاران هەبێت، دەبێ بە هێزی خۆمان و بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتیەکی ڕاستەقینە دەست بخەینە نێو دەستی یەکەوە

ئابووریی جیهانی پتر لە هەموو کاتێک پشتی بە گەشەپێدان و بەکارهێنانی سیستەمی شەڕخوازانە، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سەرکوت بەستووە، تا لەم ڕێگایەوە سەرەڕای بوونی ئەو قەیرانە پێکهاتەییەی ئێستا، بەدەستهێنانی قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە درێژە پێ بدات. ئەم بابەتە بە «کۆکردنەوەی سەربازی» ناودەبرێت و ئاماژەیە بە بارودۆخێکی کە تیایدا ئابووریی جیهانی، پشتبەستووە بە شەڕە بەردەوامە دەوڵەتییەکان، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سەرکوتێکی کە ئێستا بە تەکنەلۆژیای نوێی دیجیتاڵیش بەهێزتر کراوە. لەمڕووەوە هەر ئیدیعایەکی ئاشتی کە لە وتارە فەرمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەیان دەکرێت، بێ بنەما، دووڕوویانە و فریوکارانەیە

****

# ئەمنییەتی ژیانی خەڵک بەبێ ڕزگاربوون لە دەست کۆماری ئیسلامی دابین نابێت

تەیمور حوسێنی، بەرپرسی پۆلیسی هاتوچۆی فەراجا، بە بۆنەی حەوتی گوڵان ڕۆژی گواستنەوە ڕایگەیاند: "ساڵی ڕابردوو، نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ئێران گیانیان لەدەست داوە. ئەم ئامارە نیشانی دەدات کە لە بواری کەمکردنەوەی ڕووداو و کوژراوانی ڕێگاوبان، لەگەڵ کێشەی جدی بەرەوڕوو بووینەتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ڕێگاوبان یەکێکە لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی ئەمنییەت لە ئێران. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی پزیشکی دادی ئێران، ساڵانە بە گشتی زیاتر لە بیست هەزار کەس بەهۆی ڕووداوەکانی ڕێگاوبانەوە گیانیان لەدەست دەدەن. ئامارە جیهانییەکان نیشان دەدەن کە ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و ئۆتۆمبێل لە ئێران نزیکەی ١٤ هێندە زیاترە لە وڵاتی سوئێد و ١٠ هێندەش لە وڵاتی ئاڵمان زیاترە. زۆرترین هۆکاری مردن لە نێوان گەنجانی ١٥ بۆ ٣٠ ساڵدا، ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕاگەیاندراون

ڕێگاکانی نێوانشار، بەتایبەت ڕێگا قەرەباڵغەکانی وەک ڕێگای قوم-تاران یان ڕێگای هەراز، بوونەتە ناوەندی سەرەکی ئەم ڕووداوانە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئێران لە رووی ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی ڕێگاوبان، لە بەرزترین پلەی جیهانیدایە ئەم هەڵسەنگاندنە ئامارییە نیشان دەدات کە کارەساتە مرۆییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، تەنها خۆی لە بەربڵاوی جینایەتە بەردەوامەکانی حکوومەتدا نابینێتەوە. بەڵکوو گەلێک ڕووداو و کارەساتی پێشبینیکراو و شیاوی پێشگیریش لە بۆسەدان تاکوو گیانی مرۆڤەکان بستێنن. کۆماری ئیسلامی تەنها بەهۆی ژمارەی لەسێدارەدانی زیندانیانی بێ دیفاع نییە کە خاوەنی پلەی یەکەمە لە جیهاندا، ئەم ڕژێمە شوێنی کار و ژیانی سروشتیی کرێکاران و زەحمەتکێشانیشی کردووە بە قەتڵگا. هەر کات دەکرێت شایەتی ڕووداوێکی دڵتەزێن، ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو و کارەساتێکی مرۆیی بین کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای جینایەتە بەردەوامەکانی، هێندە بەرانبەر بە تەندروستی ژینگەی هاوڵاتیان نابەرپرسیار و ئەمنییەتی شوێنی کار و ژیانی خەڵک و بەتایبەت کرێکارانی هێندە تێکداوە کە هەر گۆشەیەکی شوێنی کار و ژیانی خەڵک بووەتە بەستێنێکی لەبار بۆ ڕوودانی هەر ڕووداو و کارەساتێکی تاڵ و دڵتەزێن.

پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ڕێگاوبان لە ئێران، هۆکاری زۆری هەیە کە لە هەموویاندا شوێن پێی ڕژێمی دەسەڵاتدار و سیاسەتەکانی بەرچاوە: لە دروستکردنی زۆربەی ڕێگاکانی ئێراندا سەرەتاییترین ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ڕەچاو نەکراون. بۆ نموونە، نەبوونی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕێگای ڕۆیشتن و گەڕانەوە لە ڕێگا دوولایەنەکاندا. نەخشەی ئەندازیاری نەکراوی خاڵە یەکتربڕ و پێچە توندەکان و هەروەها نەبوونی ڕووناکی پێویست لە ڕێگاکانی شەوانە، ئەمانە لە پاڵ ئۆتۆمبێلە نائەمنەکانی بەرهەمی ناوخۆ یان ئۆتۆمبێلە کۆنەکانی بەرهەمی دەرەوە، یەکێکن لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ئێران. گەندەڵی لە پێدانی مۆڵەتی شۆفێری، هەندێک شۆفێر بەبێ ڕاهاتن و تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەی پراکتیکی پێویست، لە ڕێگای بەرتیل و ڕاسپاردە و واستەوە، مۆڵەت وەردەگرن. نەبوونی کامێراکانی خێرایی لە زۆربەی ڕێگاکاندا

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕێگاکانی ئێران بەهۆی بێتوانایی و نالێهاتوویی بەرپرسانی ڕژێم لە بواری بەڕێوەبردنی هاتوچۆی ناوشار و دەرەوەی شار، لە زومرەی مەترسیدارترین ڕێگاکانی جیهانن. لەناو شارەکاندا گەلێک ڕووداو بەهۆی نەبوونی پرد و تونێلەکانی تێپەڕبوونی پیادە و لە زۆر شوێندا بەهۆی کەمی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانی وەک چرای هاتوچۆ، هێڵکێشی شەقامەکان، تابلۆی هێماکانی لێخوڕین و هتد، ڕوویانداوە کە بە ئاسانی دەکرا پێشگیرییان لێ بکرێت. ئاماری مردن لە ئێران بە زۆر هۆکار، بووەتە دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر. مردن بەهۆی پیسبوونی هەوا، مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، هەر تاوناتاوێک تەقینەوەی کارەساتبار، مردن بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان و مردنی منداڵان بەهۆی کێشەی دەرمان و خۆراک. ئەم بابەتانە ئەوەندە دووبارە بوونەتەوە کە وەک بڵێی خەڵک بە دووبارەبوونەوەیان ڕاهاتوون. لەم نێوانەدا ئاماری زۆری مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە لە هەمووی دڵتەزێن ترە دۆزینەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی مردنی مرۆڤەکان بە هەر هۆیەک و لەوانەش بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بەبێ لێکۆڵینەوە لە سروشتی سیستەمی حکوومەت و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی و ئیرادەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە مومکین نییە. ڕاستە کەس ناتوانێت بە وردی کاتی ڕوودانی بوومەلەرزە و هەندێک لە بەڵا سروشتییەکان دیاری بکات، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی بەرپرسیارانە لە ئارادا بێ و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی، لە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی تێوە نەگلابێت، تەنانەت دەتوانرێت ئاستی کارەساتەکان بەهۆی بەڵا سروشتییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکرێنەوە. لە دەزگای کارگێڕی گەندەڵ و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیدا، لە بنەڕەتدا نە پلانێک بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانی ڕووداوەکان بوونی هەیە و نە سیستەمی کارگێڕی ناکارامە و گەندەڵی کۆماری سەرمایەداری ئیسلامی، توانایی جێبەجێکردنی پلانی کارناسانەی هەیە. تەنانەت ئەگەر پلانێکیشیان هەبێت، لە بنەڕەتدا بیانوویەکە بۆ خراپ بەکارهێنانی دارایی و تاڵان و بڕۆ. حکوومەتی ئیسلامی کە سامان و داهاتی خەڵک، بۆ سەرکوت لە ناوخۆ و تیرۆریزم لە دەرەوە بەکاردەهێنێت، ئەوەی بۆی گرنگ نییە، بریتییە لە تەندروستی و ئەمنییەتی خەڵک. دابینکردنی ئەمنییەتی ژیانی خەڵک، بە بێ ڕزگاربوون لە دەستی ئەم ڕژێمە مومکین نابێت

****

# بێکاری گەنجان، هەم ڕەنج و هەم خۆڕاگریی

غوڵامڕەزا گودەرزی، سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران لە یەکەم دانیشتنی شۆڕای باڵای کاری حکوومەتی پزیشکیان لە ساڵی نوێدا، سەبارەت بە بێکاری گەنجان ڕێژەی بێکاری بۆ تەمەنەکانی نێوان ١٥ بۆ ٢٤ ساڵی، ٢٠.١ لەسەد ڕاگەیاندووە. زۆربەی گەنجانی بێکار لە خوێندەوارانی دیپلۆم و بەرەوژوور پێکدێن. ئەگەرچی ئامارەکان لە ئێران بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژ دەستکاری دەکرێن و زۆر جێی متمانە نین. بەڵام سەرەڕای شاردنەوەی ڕاستییەکانیش دەتوانین وێنەیەک لەو دۆخەی کە بەسەر گەنجانی ئێراندا هاتووە بەدەست بهێنین. کۆمەڵگای ئێران بەشێوەیەکی ڕێژەیی زۆرترین حەشیمەتی گەنجی دنیای هەیە و بە هەمان ڕێژەش زۆرترین بێبەشیی و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەر ئەم بەشە لە کۆمەڵگای ئێران دەکەوێت. بەڵام یەکێک لە بنەڕەتیترین کێشەکانی گەنجانی ئێران بێکارییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بێکاری لە ئێران، بوونی لەشکرێکی بەرینی بێکارانی دەرچووی زانکۆ و دواناوەندییە. بێتوانایی گەنجانی دەرچووی زانکۆ لە دەستڕاگەیشتن بە کارێکی گونجاو لەگەڵ خوێندنەکەیان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆریان ڕووبکەنە کاری بەردەستی وەک دەستفرۆشی. ئەگەر تا دوێنێ بنەماڵەکان پێیان وابوو کە منداڵەکانیان دەنێرنە زانکۆ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کارێکی گونجاویان دەست بکەوێت، ئەمڕۆ دەبینن نەک هەر ئەم ئامانجەیان نەهاتووەتە دی، بەڵکوو خوێندنی زانکۆ بووەتە کێشەیەک بۆ دۆزینەوەی کار بۆ گەنجەکانیان

بەڵام بێکاری و پەرەسەندنی زیانە کۆمەڵایەتییەکان و لەوانە گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بە تەواوی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە. گەنجێک کە بە هەزار هیوا و ئاوات دوای تێپەڕاندنی دەیان کێشە و بەربەستی کە ڕژێم یان هەژاری لەڕادەبەدەری ماددی خستوویەتە سەر ڕێگای، سەرەنجام دەتوانێت بڕوانامەی خوێندنی دواناوەندی، هونەرستان یان زانکۆ بەدەست بهێنێت و دوای وەرگرتنی بڕوانامە و بەفیڕۆدانی دوو ساڵ لە ژیانی لە دەورەی سەربازی بۆ ڕژێم، هێشتا هیوای نییە بە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ بڕوانامەکەی، هەست بە ڕەنج بەخەساربوون دەکات. حاڵ و ڕۆژی گەنجێکی کە بەهۆی هەر ئەم بێکارییە و نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ، خۆی بە سەرباری بنەماڵەکەی دەزانێت و تەنانەت ناتوانێت

درێژە لە لاپەڕەی ١٤

درێژەی

**بێکاری گەنجان، هەم ڕەنج و هەم خۆڕاگریی**

خەرجی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان دابین بکات، دەبێت چۆن بێت؟ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەنجان نە لە خۆشی و شادی و جۆش و خرۆشی گەنجی بەهرەمەند دەبن و نە ئەو دەرفەتە بەدەست دەهێنن کە توانا و بەهرەی خۆیان پەرەپێبدەن. لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە دەبینین، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە گیرۆدەبووانی مادە هۆشبەرەکان تەمەنیان کەمتر لە ١٩ساڵە و مامناوەندی تەمەنی گیرۆدەبوون لە ئێران گەیشتووەتە ١٣ ساڵ و ڕێژەی نەخۆشی دەروونی، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، لە نێوان گەنجاندا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لێرەدا پێویستە لەسەر ئەم ڕاستییەش جەخت بکرێتەوە کە ئەگەرچی گەنجانی ئێران بەهۆی دەسەڵاتی ڕژێمێکی کۆنەپەرست و دژی ئازادی، کێشەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەر بە چین و توێژی جیاوازن، ڕەنج و نەهامەتییەکانیان یەکسان نییە. ئاشکرایە کە کێشەی گەنجانی سەر بە چینی کرێکار و بەشە هەژار و کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە لەژێر چەتری پارێزگاری بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندان، جیاوازن، بەڵام بێگومان پەرەسەندنی خەباتی چینی کرێکاری پێکهاتوو لە ژن و پیاو و پیر و لاو و ڕزگاربوونی ئەم چینە لە چنگ ڕژێمی ئیسلامی و ئەو پەیوەندییە چەوسێنەرانەی ئێستا، دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی زۆربەی هەرەزۆری گەنجانی کۆمەڵگای ئێران لەو بارودۆخە نامرۆڤانەی کە ئەم ڕژێمە بەسەریدا سەپاندوون. گەنجێکی کە بەهرەکانی لەلایەن ڕژێمێکی کۆنەپەرستەوە کۆت و بەند کراوە، گەنجێک کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی لە قوتابخانە و دواناوەندی و زانکۆ لەژێر گوشاری بارهێنانێکی دژە زانستی و کۆنەپەرستانە بەسەر بردووە، گەنجێک کە تەنانەت لە ئازادی هەڵبژاردنی جلوبەرگ بێبەش کراوە، گەنجێک کە بەهۆی بچووکترین نارەزایەتی بەرامبەر ئازار و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەکەوێتە زیندان و ئەشکەنجە دەدرێت و گەنجێکی کە لە مافی سەرەتایی پێوەندی و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری خۆی بێبەش دەکرێت، هەموو ئەم گەنجانە لەگەڵ گەنجانی سەر بە چینی کرێکار و زەحمەتکێش، ئازاری هاوبەشیان هەیە و ڕزگاربوونیان لەم بارودۆخە نامرۆڤانە لە ڕێگای هاوپشتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار مومکین دەبێت بەڵام وێناکردنی ژیانی گەنجانی ئێران بەبێ جەختکردنەوە لەسەر ڕاستییەکی هیوابەخش، وێنەیەکی تەواو نابێت. ڕژێمی ئیسلامی پرۆژەی جۆراوجۆری بۆ زاڵبوون بەسەر جەستە و ڕۆحی گەنجاندا خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەموو ئەم پرۆژانە لەبەرامبەر شەپۆلی بزاڤی بەرەوپێشی کۆمەڵگادا، بوونە بڵقی سەرئاو. لە ڕاستیدا هەموو هەوڵەکانی ٤٦ ساڵی ڕابردووی ڕژێمی ئیسلامی لەم بوارەدا بە فیڕۆچووە. هەربۆیە ئەم ڕژێمە بەردەوام خەریکی تۆڵەسەندنەوە لەو گەنجانەیە کە لە سەردەمی قوتابخانە و دواناوەندی، نەیتوانیوە بەپێی ویستی خۆی، پەروەردەیان بکات. گەنجانی ئێران ئەگەر بێکارن و ئەگەر لە سەرەتاییترین دەرفەتەکان بۆ سوودوەرگرتن لە ئیمتیازە سروشتییەکانی سەردەمی گەنجی خۆیان بێبەشن، بەڵام لەبەرامبەردا، تەسلیمی ئەو بارودۆخەی ئێستا نەبوون و ڕێگای خەبات لە دژی ئەم ڕژێمەیان گرتووەتەبەر. ئەم ڕاستییە کاتێک دەردەکەوێت کە ئەم گەنجانە هەرکات دەرفەتێک بەدەست دەهێنن، هەموو پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامی دەکەنە ئامانج. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی دەریخست کە چ ڕادەیەک لە هێز و وزەی ئەرێنی لە بوونی گەنجانی ئێراندا شاراوەیە. متمانەبەخۆبوون و جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانەی گەنجان لە شۆڕشی ژینادا، هیوای ڕزگاری یەکجاری لەم بارودۆخە دژوارەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، زیندوو کردەوە




****

# به برانی بەردەوامی کارەبا و کەم ئاویی، هاوینێکی سەخت لەڕێدایە

هاوینی ڕابردوو، دوای شەپۆلێکی بەرفراوانی بڕانی کارەبا کە نارەزایەتی گشتی زۆری لێکەوتەوە، بەرپرسانی وەزارەتی وزە بە جەختکردنەوە لەسەر "پلاندانانی ورد بۆ هاوینی داهاتوو" ڕایانگەیاند کە بڕانی ئاو و کارەبا چیتر دووبارە نابنەوە. هەندێک تەنانەت لەوەش بەولاترەوە چوون و بەڵێنیاندا کە بە هاتنی وێستگەی کارەبای نوێ و بەکارهێنانی وزەی جێگرەوە، وڵات دەگاتە قۆناغێک لە "سەقامگیری وزە". بەڵام، واقیعییەتی ئەمڕۆ، شتێکی دیکە نیشان دەدات. نەک هەر هیچ سەقامگیرییەک لە دابینکردنی کارەبادا نابینرێت، بەڵکوو دەستپێکردنی بڕانی کارەبا بەر لە دەستپێکی وەرزی گەرما، ئەو نیگەرانییەی دروست کردووە کە لەوانەیە هاوینی داهاتوو بارودۆخ گەلێک قەیراناویتر لە ساڵی ڕابردوو بێت. لە پاڵ کەمبوونی کارەبا و بڕانی بێ بەرنامە و بێ ئاگاداری پێشوەختی بەکارهێنەران، کەمبوونی ئاو بۆ دابینکردنی کارەبا و تەنانەت ئاوی خواردنەوەش کێشەکانی پەرەپێداوە. بەرپرسی فراکسیۆنی ژینگەی پەرلەمان ڕایگەیاندووە کە ٣٠ پارێزگای وڵات لەگەڵ کەمبوونی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی کارەبا بەرەوڕوون. ئەو و بەرپرسەکانی تر هەوڵ دەدەن خەڵک بەو قەناعەتە بگەیەنن کە کەمبوونی ئاو و کارەبا، بەهۆی وشکەساڵی و بەکارهێنانی زۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوەیەوە. بەڵام دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات کە دەزانن بەرپرسیاری ئەم بارودۆخە قەیراناوییە ڕژێم و بەرپرسانی گەندەڵ و ناکارامەن، دەستیانداوەتە نارەزایەتیەکی بەربڵاو لە دژیان

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی هەواڵی - سیاسی پەیام، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەردەکانی یەزد ڕۆژی سێشەممە ١٣ی گوڵان یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شاریان داخست و لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی کارەبا کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەوان کە بڕانی بەردەوامی کارەبا بووەتە هۆی سووتان و لەکارکەوتنی کەرەستە و پێداویستییەکانی کار و ژیانیان، خوازیاری قەرەبووکردنەوە و وەبەرهێنانی پێویست لە بەشی پیشەسازی و کارەبادا بوون. ئەوان ڕایانگەیاند کە لە بەڵێنی درۆ و بێناوەڕۆک بێزارن و خوازیاری هەنگاوی کردەیی خێرا و پێویستن. هەر لەم ڕۆژەدا نانەواکانی ئەسفەهان، کرماشان، پارێزگای مازەندەران و هەندێک شاری دیکە لە نارەزایەتی بە بڕانی بەردەوامی کارەبا، کۆبوونەوەیان ئەنجامدا. ڕۆژی دووشەممە ١٥ی گوڵان بازرگانانی بازاڕی گەورەی ئاسن لە تاران، کەرەج و شەهریار لە نارەزایەتی بە بڕانی بەردەوامی کارەبا دوکانەکانی خۆیان داخست. ئەوان کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کارەبایان نەبوو، لە کەمتەرخەمی بەرپرسان و پێڕانەگەیشتن بە کێشەکانیان، تووڕە بوون. لە کەرەج جگە لە بازرگانان، ژمارەیەک لە هاووڵاتیانیش بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" نارەزایەتییان دەربڕی. ئەوان ڕایانگەیاند کە کەرەستە کارەباییەکانی ماڵەکانیان سووتاوە و لەکارکەوتووە و پێویستە حکوومەت زیانەکانیان قەرەبوو بکاتەوە

قەیرانی ئاو، کارەبا، ئابووری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتی لەگەڵ ئاڵەنگاری

درێژە لە لاپەڕەی ١٥

درێژە ی لاپەڕەی ١٤

جیددی بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئارمانی میللی ڕۆژی سێشەممە نووسی: "یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بڕانی کارەبای ئەم دواییانە، نەبوونی زانیاری و شەفافیەتە. هیچ خشتەیەکی فەرمی ورد و جێی متمانە، سەبارەت بە کات و ناوچەکانی بڕانی کارەبا بڵاو نەکراوەتەوە و هیچ بەرپرسێک لەبەرامبەر پرسیارەکانی خەڵک دەربارەی هۆکاری ئەم دۆخە وەڵامدەر نییە و هەموو شتێک لە بێدەنگی و سەرلێشێواویدا بەڕێوە دەچێت. هاووڵاتیان ڕایانگەیاندووە کە لە هەندێک ناوچەی شارەکان، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، کارەبای ماڵەکانیان دوو جار و هەر جارەو بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بڕاوە. زۆرێک لەوان دەپرسن بۆچی هێشتا وەرزی گەرما نەهاتووە، وڵات ڕووبەڕووی قەیرانی کارەبا بووەتەوە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەم بارودۆخە لە هاویندا نەبێتە قەیرانێکی بەتەواو مانا؟" ئەو بارودۆخە ژیانی لە خەڵک تاڵ کردووە و زیانێکی زۆری داراییی لێکەوتۆتەوە. جگە لە هاووڵاتیان، یەکێک لە گرنگترین قوربانییەکانی کەمبوونی کارەبا لە وڵات، پیشەسازییەکانن. پیشەسازییەکان کە دەبووایە لە هاویندا لەگەڵ قەیرانی کارەبا بەرەوڕوو ببنەوە، ئەمساڵ هەر لە بەهارەوە بڕانی بەردەوامی کارەبا ئەزموون دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتی تیجارەت نیوز، پێشتر شارۆچکە پیشەسازییەکانی پەردیس، سەفادەشت، دەهەک، عەباسئاباد و سولەیمانی، ڕایانگەیاندبوو کە بڕانی کارەبای یەکەکانی ئەوان، لە یەکەم ڕۆژی گوڵانەوە دەستیپێکردووە. بەڵام ئەمجارە وادیارە لە نیوەی گوڵانەوە، سەرجەم شارۆچکە پیشەسازییەکان لەگەڵ کەمی کارەبا ڕووبەڕوو دەبنەوە

یەکێک و ئەڵبەتە تەنها یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونی ئاو، بریتییە لە لێدانی بیری زۆر لەلایەن دار و دەستەکانی پەیوەندیدار بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی تایبەتی. گرنگتر لەوە، بریتییە لە سیاسەتی ڕژێم و گوشار خستنەسەر جووتیاران بۆ گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی. ئەم سیاسەتە نادروستە و نەکردنی وەبەرهێنان لە پیشەسازی پێشکەوتووی کشتوکاڵی، بووەتە هۆی بەفیڕۆدانی ئاو و وشکبوونی کانیاوەکان و سەرچاوەکانی دیکەی ئاو. هەر هەمان کێشە لە پیشەسازی کارەباشدا ڕوویداوە. نەکردنی وەبەرهێنان لە دابینکردنی وێستگەی کارەبای نوێ و چاککردنی وێستگە کارەباکانی ئێستا و هەروەها دروستکردنی بەنداوەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی پەیمانکارانی سپا و هتد، لە پاڵ وشکەساڵیدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە دابینکردنی ئاوی بەنداوەکان و لەو ڕێگەیەشەوە دابینکردنی کارەبادا هەبووە. ئەو ناڕەزایەتییانەی کە ئاماژە بە چەند حاڵەتێکیان کرا، لەسەر بەستێنی بەردەوامی کەمبوونی ئاو و کارەبا لە هاوینی داهاتوودا دەتوانێت پەرە بستێنێت. لەم حاڵەتەدا لە پاڵ ناڕەزایەتی کرێکاران، ژنان، دادخوازان، زیانلێکەوتووان و هتد، ناڕەزایەتی دژ بە کەمبوونی ئاو و کارەبا دەتوانێت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەهێزتر بکات و ببێتە هۆی باشتربوونی هەرچی زیاتری هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەر

****

# ئاشکرابوونی درۆ و دووڕوویی بێشەرمانەی خامنەیی

خامنەیی ڕۆژی شەممە ٢٠ی گوڵان بە بۆنەی حەفتەی بەناو کرێکارەوە، کۆمەڵێک درۆی بێشەرمانەی پێشکەش بە چەند هەزار کرێکاری هەڵبژێردراو کرد. ناوبراو باسی لە پێویستیی بوونی ئەمنییەتی پیشەیی بۆ کرێکاران، ئەمنییەتی شوێنی کار، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کۆمەڵێک ئیمکاناتی تری خۆشبژێوی بۆ ئەوان کرد. ئەم دووڕووییە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی سەرمایەداری ئایینی، زۆربەی هەرەزۆری کرێکارانی ئێرانی تووشی هەژاری لەڕادەبەدەر و بێبەش بوون لە سەرەتاییترین مافەکانیان کردووە. خامنەیی وەک وەلی فەقی، دەسەڵات و چاودێری بەسەر نزیکەی ١٣٠ ملیارد دۆلار لە سەرمایەی ئێراندا هەیە. ناوبراو، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بۆرژوازی ئێران بەگشتی، بە یارمەتی دەزگای دادوەری، کابینە، وەزارەتی هەواڵگری، پۆلیس و سپا و ئۆرگانەکانی دیکەی سەرکوت، هەوڵی داوە تا زۆرترین بێمافی مەدەنی، بژێوی و سیاسی بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێت چاوخشاندنێک بەسەر کارنامەی ٤٦ ساڵەی ڕژێمی ئیسلامی نیشان دەدات کە درۆکردن لە ئامۆژگاریدا و هەروەها پەلاماری سیاسی، مەدەنی و بژێوی بۆسەر کرێکاران، هەر لە سەرەتاکانەوە بوونی هەبووە. خومەینی ڕۆژی ٨ی سەرماوەزی ١٣٥٧، ئیدیعای کرد کە: "کرێکاران لە کۆماری ئیسلامیدا، لە مافی کۆبوونەوە و دیفاع لە مافە پیشەییەکانی خۆیان بەهرەمەند دەبن." یەکەم هێرشی سەرتاسەری حکوومەتی نوێ، ١٧ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ لە دژی ژنان و دووەم هێرشی چەکداری بۆ سەر کرێکارانی بێکار و مافخوازی ئیسفەهان لە خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ئەنجام درا. بەردەوامی هێرشی هێزە سەربازی، نیمچە سەربازی و ئەمنییەکان بۆ سەر کۆبوونەوەکانی کرێکاران، لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا و هەروەها تێکدانی کۆبوونەوە گشتییە هێمنانە و دوور لە توندوتیژییەکان، نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی سەری سازگاری لەگەڵ مافە پیشەیی، مەدەنی و سیاسییەکانی خەڵک و لەوانە کرێکارانی، نییە. ڕژێم بە پشتبەستن بە زیندان و ئەشکەنجە، توانیویەتی بە سەپاندنی هەژاری لەڕادەبەدەر و دۆخێکی تاقەت پروکێن، وا بکات کە ئەندامانی بنەماڵە کرێکارییەکان بە کوڕ و کچەوە ناچار بن پەنا ببەنە بەر جۆرەها کار بۆ ئەوەی لانیکەمی بژێوی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. خاوەنکاران و ڕژێمی ئیسلامی بەم شێوەیە هەوڵیان داوە هەموو کاتی بێکاری کرێکارانی ژن و پیاو پڕ بکەنەوە و دەرفەتی بیرکردنەوە و خۆڕێکخستنیان پێنەدەن

خامنەیی باس لە ئەمنییەتی پیشەیی کرێکاران دەکات. بەڵام ڕژێم و خاوەنکاران بە پشتبەستن بە سیاسەتی ئابووری نیۆلیبراڵی، زیاتر لە ٩٠ لەسەدی کرێکارانیان ناچار کردووە بەبێ گرێبەست یان بە گرێبەستی کاتی و پەیمانی کار بکەن. پەیمانکاران کە لە سەردەمی ڕەفسەنجانییەوە بوونەتە جێگەی سەرنج و پشتگیری، بە تەواوی دەستیان گرتووە بەسەر شوێنی کار و چارەنووسی کرێکاراندا و کاری کاتی و گرێبەستی سپی واژۆیان بەسەریاندا سەپاندووە. سەبارەت بە حەقدەستیش دەبێت بگوترێت کە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، نرخەکان و تێچووی سەبەتەی بژێوی بنەماڵەکان نزیکەی ٦٠٠ ئەوەندە گرانتر بووە، بەڵام حەقدەستی کرێکاران، تەنیا نزیکەی کەمێک زیاتر لە ٢٠٠ ئەوەندە زیادی کردووە. لاوازیی لەڕادەبەدەری ئەمنییەتی شوێنەکانی کار بە جۆرێکە کە خاوەنکاران و ئیدارەی کار، ئەو ناوەندانەیان کردووە بە قەسابخانە. نموونەی هەرە کارەساتباری ئەوەمان لە ڕووداوی ئیسکەلەی ڕەجایی بەندەر عەباس بینی. بوونی چەند ملیۆن منداڵی کار، کە هەندێکیان تەنانەت ناسنامەشیان نییە، بەرهەمی هەمان ئەو بارودۆخەیە کە ڕژێم و خاوەنکاران بەسەر بنەماڵە کرێکارییەکانیاندا سەپاندووە. قسەکانی ڕۆژی ٢٠ی گوڵانی خامنەیی ڕوو لە کرێکاران، لە بەرامبەر دۆخی مەترسیداری ئەواندا، زۆر زوو، سروشتی درۆینە و دووڕوویانەی خۆی نیشان داوە و بووەتە هۆی پەرەسەندنی نەفرەت و بێزاری هەرچی زیاتر لە خودی خامنەیی، ئەم ڕژێمە و بۆرژوازی ئێران. نەفرەت و بێزاری کرێکاران لە ڕژێمی ئیسلامی سەرمایە، هەر لە سەرەتای تەمەنی ڕەشی ڕژێم و سەرەڕای هاودەردییە درۆینەکانی خومەینی لەگەڵ کرێکاران، بووەتە هۆی ئەوەی کرێکاران دەست بدەنە خەباتێکی بەردەوام و پڕ هەوراز و نشێو لە دژی کۆماری ئیسلامی و خاوەنکارەکان. خەبات و تێکۆشانی ئەوان لەدژی یاسای کاری ئیسلامی و لەپێناو گۆڕینی بۆ یاسایەکی کاری نائیسلامی، کە ئێستا ژمارەیان ساڵانە دەگاتە سەرووی هەزار مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاریی، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. لە زومرەی ئەو خەبات و ناڕەزایەتییانە، پێویستە ئاماژە بە مانگرتن و کۆبوونەوەکانی کرێکارانی نەوت، مامۆستایانی نارازی و خانەنشینەکان و بەتایبەتی مانگرتنە کرێکارییەکان بکرێت. خەباتی بەردەوام و چەند ساڵەی ئەم چین و توێژە کرێکارییانە دەرخەری درۆ و چەواشەکارانەبوونی قسەکانی خامنەیین. ئەوان لە خەبات و تێکۆشانی درێژخایەنی خۆیاندا، لە سەرەتاوە خوازیاری زیادکردنی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، نەهێشتنی پەیمانکاران، هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان و پاراستنی کەرامەتیان لە ڕێگەی قبووڵکردنی ئازادی ڕێکخستن، ڕادەربڕین، ئازادی زیندانیانی سیاسی و لەوانە هەڵسووڕاوانی کرێکاری زیندانی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و ئازادکردنی سەرجەم ئەو زیندانیانە بوون کە بەهۆی بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسییەوە زیندانی کراون. خەبات و داواکارییەکانی کرێکاران لە پێناو باشترکردنی دۆخی گوزەران و دیفاع لە کەرامەتی مرۆیی و مافە دێموکراتیکەکان، تەنها نیشاندەری ڕوویەکی ڕێگەپێدراوە لە دیکتاتۆری هاری کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لە ناخی ئەم واقیعەدا کۆمەڵێک داواکاری نادیار هەن کە تەنها بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی سیستەمێک دەستەبەر دەبن کە ئامانجی بریتی بێت لە دابینکردنی بێ ئەملاو و ئەولای مافە مرۆییەکانی خەڵک

****

Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 461-May2025

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## کاریگەرییە وێرانکەرەکانی هەژاری لەسەر منداڵان

ڕۆژنامەی "هەممەیهەن" ڕۆژی شەممە ٢٧ی گوڵان ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "٣٨٪ی منداڵانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدان". لە سەرەتاکانی ڕاپۆرتەکەدا لە زمانی کارناسێکەوە هاتووە، بەهۆی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەوە، هەژاری لەناو بنەماڵە هەژارەکاندا لە زیادبووندایە. هەژاری لەڕادەبەدەر، بەر لە هەرکەسێک ژیانی منداڵان وێران دەکات. مردنی منداڵان لە تەمەنی کەمدا، کەمئەندامی، بەدخۆراکی، کێشە دەروونییەکان، تێکچوونی کارکردی مێشک، تووشبوون بە توندوتیژی و فرۆشتنی منداڵ و کۆرپەڵە، هەموویان لە زومرەی دەرەنجام و لێکەوتەکانی ئەم بابەتەن کە زیاتر لە پەراوێزی شار و ناوچە هەژارنشینەکان ڕوودەدەن. منداڵان لە بنەماڵە کۆچبەرەکاندا لەگەڵ هەژارییەکی لەڕادەبەدەر بەرەوڕوو دەبنەوە. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک، بە گشتی نزیکەی ٢٣ ملیۆن کەس لە فەزایەکدا دەژین کە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین تێیدا گرفتاربوون. یەکێک لە دیاردە باوەکان لەم ناوچانەدا، بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی کچان، وەک کاڵا. یەکێک لە شێوازەکانی ئەم مرۆڤ فرۆشییە، بریتییە لە ناچارکردنی کچانی کەم تەمەن بە هاوسەرگیری لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی دەوڵەت، بوونی گەندەڵی بەرفراوان و ئابووری مافیایی و نایەکسانی لە ئێران کراوە. ڕاپۆرتەکە لە زمانی کارناسێکەوە دەڵێت «بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یاسای کار کرێکارانی کارگە بچووکەکانی کەمتر لە ١٠ کەس ناگرێتەوە، باوبوونی کاری ناتەواو و کۆمپانیاکانی هێزی مرۆیی و حەقدەستی زۆر و زەوەندی بەڕێوەبەران لە لایەک و پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی هەژاری لە لایەکی ترەوە، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە شێوەیەکی گشتی نایەکسانی لە ئێران لەوانەیە گەیشتبێتە زیاتر لە ٩٠٪». بە وتەی ئەو کارناسە، ئەگەر سیاسەتی کۆمەڵایەتی یان شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی گونجاو نەبێت، کرێکاران ناتوانن بە کەمترین حەقدەست خانووی گونجاویان هەبێت لەمڕووەوە دەوڵەت بەرپرسیارە بە بەکارهێنانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنەوەی داهاتەکانی سەرچاوەگرتوو لە باج، کەلێنی چینایەتی کەم بکاتەوە. ئەو لە درێژەدا دەڵێت کە «ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەم ڕوانگەیە بگۆڕین، لە داهاتوودا ناتوانین نە بۆ منداڵان و نە بۆ چینی کرێکار هیچ کارێک بکەین. بە وتەی ئەم کارناسە، کرێکارانی نەوەی یەکەمی نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان بیمەیان هەبوو، لە نەوەی دووەمدا، هەندێکیان بیمەیان هەبوو، بەڵام لە نەوەی سێیەمدا، بە شێوەیەکی گشتی هیچیان بیمەیان نییە هەژاری یەکێکە لە کێشە جیددییەکان کە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ژیانی منداڵان لە سەرانسەری جیهان، لەوانە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دادەنێت. منداڵان وەک لاوازترین توێژی کۆمەڵگا، لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەژاری زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دادەنێت. منداڵانی هەژار لە ئێران ڕووبەڕووی بەدخۆراکی و کەمبوونی خۆراکی پێویست دەبنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە تەندروستییەکان، کەمبوونی ئاسن، ڤیتامین دی و پرۆتین لە نێو منداڵانی ناوچە بێبەشەکاندا زۆر بەرچاوە. ئەم کێشانە دەبنە هۆی لاوازبوونی سیستەمی بەرگری، کورتی باڵا و کەمبوونەوەی گەشەی مێشک. هەروەها، دەستڕانەگەیشتن بە ئاوی خواردنەوەی پاک و ئیمکاناتی تەندروستی پێویست، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە گوازراوەکان زیاد دەکات. ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی هەژاری لە ساڵەکانی سەرەتای منداڵیدا دەڵێت: «کاریگەریی هەژاری لەسەر تەندروستیی جەستەیی منداڵان لە بارودۆخێکدایە کە ٨٠٪ی مێشکی مرۆڤ لە سێ ساڵی یەکەمی ژیاندا پێک دێت. ئەم ڕاستییە زانستییە دەبێتە هۆی بێبەشبوونی زۆربەی منداڵانی بنەماڵە هەژارەکان، کە بەگشتی سەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن. لەوەش خراپتر هەژاری دەبێتە هۆی زیادبوونی مردن لە نێو ئەم جۆرە بنەماڵانەدا. بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی ساڵانێکە کە بێهوودە هەوڵیان داوە بە شێوازی جۆراوجۆر ژنان ناچار بکەن منداڵی زۆرتر بخەنەوە تا حەشیمەتی وڵات بگاتە ١٥٠ ملیۆن کەس. بەڵام ئەوان بە کردەوە و بەهۆی هەژارترکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەم سیاسەتە هەنگاو دەنێن. کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی دواکەوتووی سەرمایەدارییە. سامانی بەرچاوی بەرهەمهاتوو لە چەوساندنەوەی هێزی کار، بەکارهێنانی کەرەستە ژێرزەوییەکان و باجی ئەم وڵاتە، یان دەدزرێت یان بە شێوازی جۆراوجۆر بە فیڕۆ دەدرێت. لەژێر دەسەڵاتی ئەم جۆرە حکومەتەدا، منداڵانی بنەماڵە کرێکارییەکان، لە بوونی کەشێکی گونجاو بۆ گەشەکردن، لە ئارامی و ئاسایش بێبەش دەبن و لە دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ فێربوونی زانست، هونەر، کات بەسەربردن و گەشەپێدانی داهێنانەکانیان بەهرەمەند دەبن. لە ڕژێمێکدا کە ٧٠٪ی هاووڵاتیانی بەرەو هەژارییەکی ڕەها و ڕێژەیی پاڵپێوەناوە، لە ڕژێمێکی کە لە ناوخۆیدا تووشی کەلێن و ناکۆکی قووڵ بووە و تەنها لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی و خەباتکاردا یەکگرتووە، ناتوانین هیوا بە باشتربوونی بارودۆخی منداڵان ببەستین. باشتربوونی دۆخی منداڵان تەنها بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی کە لەلایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوچارەنووسەکانیانەوە بەڕێوە ببرێت، مومکین دەبێت

****

دواستون

## ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، ڕژێمی ناچار بە تەسلیمبوون و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی تووشی سەرلێشێواوی کردووە

قبوولکردنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لەژێر گوشاری مەترسی دارمان لە ناوەوە و هەڕەشەی قورسی ئەمریکا لە دەرەوە لەسەر بەستێنی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ڕژێم لە ناوچەکە و پاشەکشەکانی ڕژێم لە بەرامبەر داواکارییەکانی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا و لەوانە ژنان، وەک هەڵپەساردنی یاسای «حیجاب و عیفاف» یان قبوولکردنی بە ناچاریی جەژنەکانی نەورۆزی خەڵک، قەیرانی ناو دەسەڵاتی بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەپێداوە. تێکشکانی یەک لەدوای یەکی هێڵە سوورەکانی ڕێبەری ڕژێم، جێگە و پێگەی ئەوی لەناو هێزەکانی ناو حکومەتیشدا بردووەتە ژێر پرسیارەوە. ڕێبەری ڕژێم لە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەکانی سپا لە زۆرێک لە پارێزگاکانی وڵات، بەرامبەر بە داخوازی گۆڕانکاری لەلایەن بەشێک لەو هێزانەوە، چوار هێڵی سووری دیاری کردبوو، کە بریتی بوون لە پاراستنی حیجاب، سازش نەکردن لەگەڵ ئەمریکا، بەردەوامبوونی گەمارۆ لەسەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز و هەروەها مانەوە و بەردەوامبوونی شۆڕای نیگابان. ئێستا مەسەلەی حیجاب لەلایەن ژنانی وشیار و بزووتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژیناوە تێکشکێنراوە، دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەستی پێکردووە، گەمارۆ لەسەر کەڕوبی هەڵگیراوە و دەوترێت کە ئەگەری هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر میرحسێن موسەوی و زەهرا ڕەهنەوەردیش لە ئارادایە. بە واتایەکی دیکە هێڵە سوورەکانی خامنەیی یەک بە یەک کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە و ڕێبەر و دارودەستەکەی ناچارن بەردەوام هێزە سەرەکییەکانی ڕژێم لەمەڕ ئەم گۆڕانکارییانە بە قەناعەت بگەیەنن و ڕێگری بکەن لە پەرەسەندنی ڕەوتی دارمان لەناو لایەنگرەکانیاندا

واقیعییەت ئەوەیە کە خامنەیی و بەرپرسانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی، گەیشتوونە ئەو ئاکامەی کە بۆ ڕێگریکردن لە دارمانی سیستەمە سیاسییەکەیان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاخێزە جەماوەرییەکان، ناچارن جامە ژەهرێکی دیکە بنۆشن. ئەوان دوای شکستە یەک لە دوای یەکەکان لە سیاسەتی دەرەوە و گۆڕینی ئاراستە لەم بوارەدا، لەوە تێگەیشتوون کە بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا، ئیمکانی کەمکردنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان بوونی نییە. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتە، سیاسەتی خامنەیی بەمەبەستی جێبەجێکردنی «هەنگاوی دووەمی شۆڕشی ئیسلامی»یش بە پشتبەستن بە «گەنجانی بەناو حیزبوڵڵاهی»، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە. بەردەوامبوونی بێ پسانەوەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریش لە بوارە جۆراوجۆرەکان وەک ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و داواکارییە چینایەتییەکان و هتد، دەسەڵاتی لەگەڵ ئەو ڕاستییە بەرەوڕوو کردووەتەوە کە مەترسی سەرەکی بۆسەر مانەوەی نیزامی ئیسلامی، بریتییە لە سەرهەڵدان و تەقینەوەی ناڕەزایەتی و تووڕەیی جەماوەر. ئەوان کە ئاکام و کاریگەرییەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر گەلێک نیگەرانی کردوون، کەوتوونەتە خۆ بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتەکەیان. لە ڕاستیدا ئەوەی کە هەندێک لایەن لەشکرکێشی ترامپ و هەڕەشەی بۆمبارانکردن، بە هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی ڕژێم و دانیشتن لەسەر مێزی دانوستان لە قەڵەم دەدەن، یان لە ڕۆڵ و پێگەی بزووتنەوەی جەماوەری بێ ئاگان، یان ئەوەی کە لە هێز و توانایی لەبن نەهاتووی جەماوەر دەترسن. لەم نێوانەدا ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بەتایبەت سەڵتەنەتخوازانیش کە دوای پاشەکشە لە «مەنشووری مەهسا» بەتەواوەتی بوون بە ئاڵقەلەگوێ و لایەنگری سەرسەختی ئیسرائیل و شەڕخوازانی ئەمریکایی، بەتوندی کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بەهۆی بێباوەڕییان بە هێزی جەماوەر و پشتکردن لە دروشمی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، ستراتێژی پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکانیان گرتووەتە بەر. ئەوان بەردەوام دڵیان بەوە خۆشکردبوو کە بە هێرشی هێزە پاوانخوازەکان بۆسەر ئێران، یان بۆمبارانی ژێرخانەکانی وزەی ناوەکی، پاڵاوگەکان و ناوەندە ئابوورییەکانی وڵات و هەروەها چڕکردنەوەی ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی کە گوشارە سەرەکییەکانی، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار، ڕێگە بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامی خۆش دەبێت و ئەوان وەک لەشکری پیادەی هێزە دەرەکییەکان، دەتوانن کۆنترۆڵی دەسەڵات لە وڵاتدا بەدەستەوە بگرن. هەربۆیە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پێشوازییان لە سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ دەکرد و تەنانەت بە حزووری فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکاش لە دوورگەی دیەگۆگارسیاش شاگەشکە ببون. بەڵام ئێستا بە دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان نوێنەری ترامپ لەگەڵ نوێنەری کۆماری ئیسلامی، ئەم لایەنانە تا ڕادەیەکی زۆر تووشی سەرلێشێواوی و بێ هیوایی بوون. گومان لەوەدا نییە کە تەنها بە لابردنی گەمارۆکان، قەیرانە قووڵ و فرە ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و پێکهاتەیی، چارەسەر نابێت. ئەمڕۆکە خەڵکی ئێران بە ئەزموونی تێپەڕبوون لە تەواوەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و سەرجەم باڵەکانی، بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە ئەو دۆخە نالەبارەی بەرەوڕووی خەڵکی ئێران بووەتەوە، بەرهەمی سروشت و بنەمای سیستەمێکە کە تا سەر ئێسقان کۆنەپەرست و پەرتووکاوە. سیستەمێکی کە بەردەوام سەرچاوەی نایەکسانی قووڵی چینایەتی، گەندەڵی سیستەماتیک و چارەهەڵنەگر، تاڵان و بڕۆی بەردەوامی سەرچاوەکانی وڵات، سەپاندنی بێ بەزەییانەی ئاپارتایدێکی فرەڕەهەند، ستەم و سەرەڕۆیی و کوشتارە سیاسییەکان و بەرزترین ڕێژەی ئێعدام لە ئاستی جیهاندایە. هەربۆیە تەنها بە لابردنی گەمارۆکان، گرفت و مەینەتییەکانی خەڵک چارەسەر نابێت. بەڵام خواردنەوەی دووبارەی جامی ژەهر لەلایەن خامنەییەوە، ئەویش لە پرۆسەی ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ترامپ کە بەرهەمی گوشاری بزووتنەوە جەماوەرییەکانە، ڕژێمی لە بەرامبەر بزووتنەوەی جەماوەریدا لاوازتر کردووە و بەپێچەوانەوە وورە و جەسارەتێکی زیاتری بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی بەخشیوە

****